کار و چالاکیەکانی

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

(K.P.U)

لە 2009/1/1 تا 2009/12/31

لە بڵاوکراوەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ژمارە (6)

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: حەمە عەلی توفیق

نەخشەسازی: راستی محمد کریم

چاپ: چاپخانەی منارە – هەولێر

تیراژ: 1000 دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ) ساڵی ( ) پێی دراوە

ناوەڕۆك:

- پێشەکی
- ڕاگەیاندراوەکان
- ڕاوبۆچوونەکان
- کۆرو سمینارەکان
- ڕاپۆرتەکان
- پێشوازی لە میوانان و سەردانەکان
- چالاکی ڕۆشنبیری
- کۆبونەوە و هەواڵەکان
- هەندێ زانیاری پێویست

پێشەکی

هەر وەکوو لە ژمارەی (2) ی بڵاوکراوەکەماندا کە تایبەت بوو بە کاروچالاکیەکانمان لە سەرەتای دەست پێکردنی کارەکانمان تا 2008/12/31 ، بەڵێنمان دانی کە ساڵانە لەمەو دوا بەم شێوەیە لە دووتوێی کتێبێکدا هەرچی کار و چالاکیمان بوبێت لەو ساڵەدا بیانوسینەوە و بیخەینە بەردەست ئەندامانی بەڕێزی یەکیتیەکەمان ، بۆیە لەم بڵاوکراوەیەدا سەرجەم کار و چالاکیەکانمان لە 2009/1/1 تا 2009/12/31 دەخەینە بەردەستی بەڕێزتان ، جگە لە مەبەستی ئاگادار بوون لێیان دەمانەوێت سەرنج و رای بەڕێزیشتان لەسەر کارەکان ئەگەر هەبێت نیشانی بدەن و ئاگادارمان بکەن بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بتوانین کارەکانی پێ دەوڵەمەند بکەین ، بەو هیوایەی جێگای رەزامەندی گشت لایەك بێت .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009 / 12 / 31

ئاگاداری

بۆ / بەڕێزانی ئەندامانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ڕێز و سلاو

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین لە ڕۆژی 15/ 12 / 2009 وە دەست کراوە بە کۆکردنەوەی ئابونەی ساڵی 2009 ، داواکارین بفەرمون بە پێدانی ئابونەکەتان بە بەشی دارایی یەکیتیەکەمان ، داواش لەو بەڕێزانە دەکەین کە ئابونەی ساڵی 2008 یان نەداوە لەگەڵ ئابونەی 2009 بدرێ ، بریارە لە کۆتایی مانگی 5 / 2010 کۆنگرەی دووەمی یەکیتیەکەمان ببەسترێ ، بەمەبەستی بەشداربون چ وەك نوینەر یان دیاری کردنی نوێنەرتان ، پێویست دەکات پابەندی خۆتان بە ئەندامیتی یەکیتیەکە رابگەێنن .

لەگەڵ ڕێزدا

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009 / 12 / 15

ڕاگەیاندراوەکان

یەکەم : لێدوانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان

ئەرکی بەرپرسیارەتی وپەیدا کردنی متمانە باشترین سەرمایە یە بۆ دەسەڵات کە بیەوێ پەیوەندی توند و تۆڵ لەگەڵ خەڵك ببەستێت حکومەت کار دەکا و هەموومان بەشدارین لە بەڕێوەبردنی ئەو سیستەمە کە پێ ی دەڵێین (حوکمڕانی) بەڵام بە پلەی یەك حکومەت بەرپرسە کەچی هەموومان ئەرکی بەرپرسیاری و ئەخڵاقی هەڵدەگرین ، دەسەڵات تەنیا لوتکەی دەسەڵات نیە بەڵکو شۆڕ دەبێتەوە خوارێ تا دەگاتە ئەرکی تاکەکان چ لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەت چ لەناو کۆمەڵگە . ئەگەر پردی لێکتێگەیشتن و گۆڕینەوەی بیر و ڕاکان و پێدانی زانیاری لەم نێوانەدا هەبێت ئەوا دروست بوونی کێشە و قەیران و دڵەڕاوکێ مانایەکی نامینێ . بەپێچەوانەوە دەبێتە سەنگەر گرتن و هێنانەوەی بڕو بیانوی بێ بنەما ئەویش خۆدزینەوەیە لە خودی کێشەکان کە ئەمڕۆ هەموو لایەك پێوەی دەناڵێنین ، پێویستە لە بڕی دروستکردنی ڕەوشی ئاڵۆز و خەریك کردنی کۆمەڵانی خەڵك بە شتی لابەلا هەقە بەپەلە مشووری کێشەکانی هەرێم و ناوەند بخۆین ئەمەش لەسەر زەمینەیەکی بەتینی یەکگرتوو و بەهێزی ناوخۆ دەوەستێ بەرامبەر نەیارەکانمان .

بارودۆخی عێراق و ناوچەکە ئەوەندە ناسکە و زۆر لە بەرژەوەندی گەلەکەماندا نیە پێویست بەوە دەکات هەموو لایەك لە ئاستی بەرپرسیاری نیشتیمانی و نەتەوەیی دابێت لێ نەگەڕێین کەلێنێك و درزێك بکەوێتە نێو ڕۆڵەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە کە ڕەنگە هەندێ لایەن بە ووروژاندی ڕەوشێکی ئاوا بە قازانجی خۆیان بگۆڕنەوە بۆیە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا بەرژەوەندیە

تایبەتیەکان جێ یان پێ چۆڵ بکرێ بارو دۆخەکەش ئەوەندە تێکەڵ و پێکەڵ نەکرێ نەبادە مێژووی ناکۆکیەکان خوانەخواستە دووبارە ببێتەوە .

کوردستان ماڵی هەمووانە ئاسایش و پاراستن و سەرکەوتنی ئەزموونەکە و پیرۆز ڕاگرتنی خوێنی شەهیدان لە ئەستۆی هەمووانە بە بیرکردنەوەی دیموکراتیانە و بابەتیانە و وەلاّمدانەوەی شارستانیانە مێژوویەکی پڕ لە سەروەری تۆمار دەکرێ نەخوازەلاّ بە بلاّوکردنەوەی ڕق و کینە و ڕووبەڕوو بوونەوەی نا بەرامبەرانە دەسکەوتەکان زیندە بە چاڵ بکرێن .

ئەمڕۆ کارێکی پڕ بایەخە لە هەر شوێن و ناوەندێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمی لە کوردستان قسە لەسەر چاکسازی دەکرێ کەواتە ئێمە گەلێکی ووشیارمان هەیە سەرکەوتنی ئەم کارە مەزنە هیمەتی پێکەوەی خەڵك و دەسەڵاتی دەوێ یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ئەمە دەخاتە بەردەم ڕای گشتی گەلەکەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان جارێکی تریش دەیخاتەوە بیریان کە هیچ کەسێك و هیچ لایەك سوود لە نا تەبایی و دڕ دۆنگی و دروست کردنی کێشە وەرناگرێ ، بەڵکو ئەگەر ڕەوشێك پەشێوی دروست بکات بێگومان ئەمە پیلاّنێکە بۆ مرداربوونەوەی ئەو گیانەی بەرەو ئایندە هەنگاو دەنێت

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009 / 1 / 28

دووەم : ڕاگەیاندنێك لە پەراوێزی یادەوەریەکانی ئازاردا

مێژووی گەلان بەکەڵەکەبووی بەسەر هاتە تفت و تاڵەکان و بەسەروەریی و ڕۆژە پڕشنگدارەکانی پێناسە دەکرێت، نە گەڕانەوەی بۆ دوواوە و نە وەستانیشی جێگەی قبوڵ کردن نیە .

بە درێژایی ڕەوڕەوەی مێژووی کوردستان چ وەك پردێك چ وەك وڵاتێك هەمیشە گۆڕەپانی ململانێکان و یەکلاکەرەوەی بەرژەوەندیەکانی نەیاران و داگیرکەرانی بووە ، قوربانی هەڵکەوتەی جوگرافی ی و سروشتی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی خودی خۆی بووە ، وای کردووە بە درێژایی ڕۆژگاران بەرگری کردن لە مانەوەی وەك بەشێك بووە لە ئەرکە بەردەوامیەکانی ، مرۆڤ ناتوانێ دەستنیشانی هیچ ڕۆژ و مانگ و وەرزێکی ساڵ بکات سەبارەت بە تۆمارکردنی ڕووداوەکان ، ڕەنگە ئەوان قەرزاری کارەسات و نەهامەتیەکان ببنەوە بەوەی جێگەیان بۆ نەکرێتەوە ، مانگی ئازار تایبەتمەندیەکی ئەوتۆی هەیە دەکرێ وەك نموونە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ و پەندی لێ وەربگیرێ .

- ئەوە نەورۆز دووای زستانی تووش بەرە و کارکردن و بوژانەوە و جەژن و دەست لە ملانێ ی سروشت و مرۆڤ .
- ئەوە ڕاپەڕینی (1991) گوڵی بەرۆکی کوردستانیان ئاودێر بە خوێنی خەڵك و پێشمەرگە دەربازبوون لە دووڕیانی مان و نەمان بەرەو دەسکەوتی وەك پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و سەروەریەکانی تر .

- هەر لە ئازار بوو وەچەرخانێك لە عەقڵیەتی دەسەڵاتی فەرمی عێراق لە ڕێگەی دان نان بە ئۆتۆنۆمی کوردستان و چەندین داخوازی ڕەوای گەلەکەمان کە بۆ ئەوکات ساڵی (1970+1974) گرنگیەکی پڕ لە واتایی هەبوو لە دووایی نزیکەی دەساڵ لە خەبات و تێکۆشان دەسکەوتێکی یاسایی هاتە پێش
- هەندەی پێنەچوو پیلانە شومەکەی جەزائیر لە 1975/3/6 ئاوات و هیوای گەلەکەمانی کردە قوربانی ، ئاشتبوونەوەی دوو ڕژێمی شۆڤینی ی و دیکتاتۆریی دوو دوژمنی دێرینی نەتەوەکەمان کە تا ئەمڕۆش کاریگەری لەسەر کوردستان وناوچەکەش هەرماوە .
- هەر لە ئازاریش بوو گەورەترین تاوان دەرهەق بە میللەتەکەمان ئەنجامدرا ئەویش ژەهربارکردنی (کیمیاباران)ی شاری هەڵەبجە کە بووە هۆی شەهیدبوونی هەزاران و بریندار بوونی هەزارانی تر . ئەوێ ڕۆژێ کارەساتەکە جیهانی هەژاند کەچی مخابن کاردانەوەکەی بەقەدەر گەورەیەکەی چاوەڕوان دەکرا ویژدانی دەست ڕۆیشتووەکانی جیهانی وەك پێویست نەجوڵاند .
- لە ئاخر و ئۆخری ئازاربوو ئازارێکی تر ئازارەکانی ڕابردووشی هێنایەوە گۆڕێ ئەویش کۆڕەوبوو ، کۆڕەو لە ناخەوە دڵی هەموو مرۆڤێکی زیندووی دنیای تەزاند گوێی کەڕی دۆست و ناحەزانی بە ئاگا هێنا ، کۆڕەو شۆڕشێك بوو بەخۆی بە چەکی ئێش و ئازار بە چەکی نا ، بە چەکی ڕتووڕەیی و ماڵئاوایی لە نیشتیمان لە ڕقی زۆرداری و مەترسی تواندنەوە .

یەکێتی پەرلەمانتاران لە پەراوێزی ئەم کارەسات و نەهامەتیە مەزنانە دەخوازێ هەر تاکێکی کوردستان بیر لە خودی خۆی بکاتەوە لە کوێ بووە ئێستا لە کوێ یەو بەرەو کوێ دەڕوا ، پەند لە وانەکانی مێژوو وەربگرێ و هەڵوەستەی لەسەر بکات ، پرسیارێکیش هەردەم ئامادەیە و دەکرێ ئایا هەنگاوەکان وەك پێویستن ؟ وەڵامەکەش بۆ ڕای گەل بەجێ دێڵین

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ئازاری 2009

سێ یەم : بانگەوازێك بۆ هاولاتیانی خۆشەویستی کوردستان دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان

هاوڵاتیانی خۆشەویست

- هەرێمەکەمان .. هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێ دەپەڕێت ، لە ژێر تاقی کردنەوەیەکی چارەنووسساز دایە .
- بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی دینی و دنیاییە .
- دەنگت گرنگە .. ئەو مافە بەکاربێنە و بزانە دەنگەکەت جێگەی خۆی دەگرێ .
- بەشداریکردنت لە هەڵبژاردن بەشداریکردنە لە بەرنامەی ئایندەی وڵاتەکەت .
- با هەڵبژاردن بکەینە کەرنەڤاڵێکی میللی ی و نیشتیمانی .
- بە ئارەزووی خۆت دەنگ بە نوێنەرەکەت بدە .
- ئەگەر دەتانەوێ پڕۆسەی هەڵبژاردن جوان بکرێ با خۆمان ڕابهێنین لەسەر ژیانی دیموکراسی و قبوڵکردنی یەکتری و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی .

هاوڵاتیانی بەڕێز

- لە 5/25/ 2009– 2009/6/7 ئەو هەلە لە بیر نەکەیت بڕۆ سەردانی بنکەکانی تۆماری دەنگدەران بکە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لە ڕاست و دروستی ناوەکەت .
- ئەگەر دەتەوێ لە نزیکترین شوێن لە ماڵەکەت دەنگ بدەیت یان ناوەکەت لە پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی تر بگوازیتەوە پەیوەندی بە بنکەکانی تۆماری دەنگدەران بکە بۆ ئەم مەبەستە
- ئەگەر دەتەوێ بەبێ ماندوو بوون دەنگی خۆت بدەیت ئەو دەرفەتە لە کیس مەدە سەردانی بنکەکانی تۆماریی دەنگدەران بکە بۆ وەرگرتنی زانیاریی وورد و مسۆگەر .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009/5/24

چوارەم : ڕاگەیاندراوی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەبارەت بە دەستوری هەرێمی کوردستان

پەسەند کردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 2009/6/24 لە لایەن پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی ریفراندۆم ڕووداوێکی گرنگ و هەنگاوێکی لە جێ ی خۆی بوو بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان سەقامگیری سیاسی و یاسایی و کۆمەلایەتی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ و ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان دیار و مسۆگەر بن و یاساکان پشت ئەستور بن بە ماددەکانی دەستوور و دام و دەزگاکانی هەرێم بەرێك و پێکی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن ، گەورەیی و کاریگەری پەسەند کردنی دەستوور زۆر بە ڕاشکاوی دەردەکەوێت لەو کاردانەوەی شۆڤێنیەکان کە چاویان بە سەقامگیری و بەرەو پێش چوونی کوردستان هەڵنایەت ، بۆیە ئێمە لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان وێرای پشتیوانی تەواومان لەو پرۆژە دەستوورە ، هانی خەڵکی کوردستانیش

دەدەین زۆر بەگەرمی پێشوازی و پشتیوانی لێ بکەن و دەنگی پێ بدەن و هەموو لایەك بە دەسکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی مەزنی تێبگەن.

سەبارەت بە ڕەوشی هەڵبژاردنەکانیش هیوا دارین لیستەکانی ڕکابەر بەشێوازێکی شارستانیانە پڕۆسەی بانگەشەکانیان بەڕێوەبەرن.

ئەو کردەوە تیرۆرستیانەش کە لەماوەی ڕابردوودا ئەنجامدران لە بەغدا و تازە خورماتو و شاری کەرکوك ئەوا یەك ڕاستی دەردەخات کەوا نەیارەکانی عێراق جیاوازیان نەکردووە بە عەرەب و تورکمان و کورد. هەموویان بوونەتە ئامانجی ئەو هەڕەشە نامرۆڤانە بۆیە زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو کردارانە دەکەین و دڵنیاشین بەیەکریزی و تەبایی نێوان پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان هەموو پیلانێك هەڵدەوەشێنن.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009 /7/5

پێنجەم : بەرێکردنی نمونەیەکی تری دیموکراسی

هەرێمی کوردستان لە 25 ی تەمووزی 2009 ئەزمونێکی تری دێموکراسی بەرێکرد ، وێرای پیرۆزبایی لە بەشداربووانی ئەم پرۆسەیە بە دەنگدەران و بەولیست و قەوارە سیاسیانەی کە بەهەر ڕێژەیەك بێت سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە ، تەنانەت بەوانەش کە هەڵی سەرکەوتنیان بەئایندە سپارد ، ئەم هەڵبژاردنە وەرچەرخانێکی مێژووی بوو چ لە رووی کێبرکێ ی گەرم و گوڕ و بەشداری چرو پرو دروست بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی رەسەن و وەرگرتنی وانەو پەند بۆ هەڵبژاردنەکانی دادێ...

ئەم هەنگاوە نرخدارە ئەوە دەهێنێ لیست و قەوارە سیاسیەکان پیرۆزبایی لە یەکتری بکەن بەهۆی ئەوەی بەپلەی یەکەم گەل براوەیە ، واز لە ڕەوشی پێش ڕۆژی دەنگدان بهێنرێ شارستانیانە رەفتار بکرێ لەمەودووا هۆڵی پەرلەمان ببێتە شوێنی بڕیار ، بەتایبەتی بڕیارە چارەنوس سازەکان ، هەر سەرنج و تێبینیەکیش هەبێ ئەوا ڕوو بە ڕووی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکرێ بۆ ئەوەی ئەویش داد پەروەرانە حوکمی خۆی بدات و بەکەم و کوریەکانی خۆشی دا بچێتەوە .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بەلێن و بەرنامەکان بەبیر لیست و قەوارەکان دەهێنیتەوە کە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان دا بوو گرنگ تر ئەوەیە رێز لە ئیرادەی ئەو متمانەیە بگرن کە گەل پێ ی داون .

وەك یەك تیپ ململانێ بکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ناوە خۆ بۆ ئەوەی بە دیدێکی پتەو و هاو هەڵوێست ڕوو بە ڕووی مەترسیەکانی دەرەکی ببنەوە کەسیش هێڵە سوورەکان نەبەزێنێت..

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009/8/2

شەشەم : **ڕاگەیاندنێك دەربارەی ڕەوشی تازەی باكووری كوردستان**

ڕاپەڕینی ئازاری (1991) لە باشووری كوردستان وەرچەرخانێكی بابەتی و هەنگاوێكی پڕ بایەخ و كاریگەرانە بوو سەبارەت بە بەرەو پێش چوونی دۆزی گەلەكەمان ، ئەو ڕەوشە وای كرد تێڕوانین و سەرنجی وورد لای دۆست و ناحەزان گەلاڵە بێت و هەر یەكە بە حیساباتی خۆیدا بچێتەوە بەوەی بیر بكرێتەوە بۆ چارەسەری دیموكراسیانە و پەنا بردنە بەر دیالۆگ و فرێدانی عەقلیەتی خۆسەپێنەرانە و بنبڕكردنی سیایەتی توند و تیژی ، ئەمڕۆش هەڵوێستی نوێی حكومەتی توركیا و خەبات و سیاسەتی حەكیمانەی گەلەكەمان لە باكوور ، وەرزێكی تازە و مژدەیەكە بۆ هاتنی شنەبای ئازادی و ئەو دەرئەنجامانەی لێ دەكەوێتەوە كە چەندین نەخشەی ڕێگا لە ئارادایە بۆ چارەسەری داد پەروەرانە كە هەموو گەلانی توركیا پێ ی دەحەسێتەوە و ئاشتی و ئارامی سەقامگیر دەبێت و كاریگەری باشی دەبێ لە سەر ناوچەكەش .

یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان تێكرای ئەم هەنگاوانە بە دەستكەوتێكی مەزن و مێژوویی دەزانێ ئەو دەستانە دەگوشێ كە مەبەستیانە لاپەرەیەكی پڕ لە شانازی بۆ دووا ڕۆژی گەلی توركیا تۆمار بكەن ئەو نیازانە بە شكانەوەی قازانج بۆ میللەتەكەمان لە باكوور بە باشی هەڵدەسەنگێنین .

یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان

2009/8/18

حەوتەم : **بەرەو دامەزراندنی دەزگای میدیای سەربەخۆی كوردستان**

دەربڕینی بیروڕا بە هۆی چەندین كەناڵەوە ئەنجام دەدرێت پوختەترین و جوانترینیان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوەیە وەكو ڕادیۆ , تەلەفزیۆن , ڕۆژنامە و گۆڤار , ئەنتەرنیت .

لێرەدا پێویستی بە بەكارهێنانی شیاویی و زانستی و بەڵگەیی هەیە ، دوور لە یەكتر شكاندن و هەڵبەستنی ناو و ناتۆرە ، بۆ ئەوی ڕەوشتی بەرزی ڕاگەیاندن لەكەدار نەكات ، بە پێچەوانەوە شۆڕ بوونەوەیە بۆ ئاستی نزم و كەمكردنەوەیە لە پەیامی گرنگی ڕاگەیاندن.

سالانێكی كەم نیە مخابن ڕاگەیاندن لە كوردستان خەریكە بە ئاقاری ترسناك هەنگاو دەنێت ((سەرەڕای هەنگاوە بەرچاوەكانی)) لە ووشەی بە پێز و قورس و كاریگەر بۆ قسەی ناو بازار ، لە ڕەخنەی بنیاتنەر بۆ ڕووخێنەر ، ڕاستە ئەمەش هۆكاری خۆی هەیە بۆ دابەزینی بە ئاستی نزم ، بەڵام دەكرێ هەمان مەبەست بە دەربڕینی بابەتیانە بخرێنە ڕوو ، لە ڕاستیدا پەروەردەكردنی نەوەی نوێ بۆ ئایندەی گەش بەم شێوەیە بڕوا كارەساتە ، دەربازبوون لەم قۆناغە سامناكە تەنیا بە خۆداچوونەوەی پێویستە كە هەموو

دەسەڵاتەکان کاری بۆ بکەن بە دەسەلاتی چوارەمیشەوە ، ڕاگەیاندن ئەرکی گەورەی لە سەر دەسەڵاتی چوارەمە بۆ ئەوەی بتوانێ پارێزگاری لە ڕەفتاری جوانی خۆی بکات چونکە هەموو لایەك بە ووردی دەڕواننە ڕۆڵی ڕاگەیاندن ، ئەو دەبێ راستی و چەوتیەکان لێك جیا بکاتەوە نا دروستەکان ڕاستە ڕێ بکات ، وورووژاندنی هەست و سۆز یان بریندارکردنی کارێکی کەم نیە ، کۆمەڵگایەکی سەرلێ شێواوی لێ دەکەوێتەوە , درۆ و ڕاستیەکان وون دەبێ ، بەرەبەرە گەندەڵی ئابلووقەی هەموو بوارەکان دەدا وەك ئەوەی کە دەبینرێ ، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن نە کەوێتە ئاستی نزمتر و بێ سەرو بەری و نا بەرپرسیارانە کە ئەویش لە دەرئەنجامی خراپتری لێ پەیدا بووە .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان و بە تایبەتی پەرلەمانی کوردستان دەکات بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك کە خۆشی پرۆژەیەکی لەبەر دەستە سەبارەت بە یاسای دەزگای میدیای سەربەخۆ بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن بتوانێ لە گەڵ دەسەلاتەکان بە شێوەیەکی یاسایی هەڵس وکەوت بکات و کاری سەرکی خۆی بزانێ ، دەسەلاتی چوارەم (ڕاگەیاندن) ڕەنگدانەوەی شارستانی و قوولبوونەوەی دیموکراسی و ڕێزگرتنە لە ڕای جیاواز , لەم ڕووەوە هێشتا هەڕێمی کوردستان لە نێو ئەگەرە هەستیارەکاندایە ، چ وەك ڕێکنەخستی کارو بارەکانی ناوەخۆیمان چ وەك کێشە دەرەکیەکان , بۆیە دامەزراندنی میدیای سەربەخۆ کە هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندن لە خۆ بگرێت هەنگاوێکی پێشکەوتن و پەروەردەیی یە ، وەلانانی ئەویش دەبێتە ئەگەرێك لەو ئەگەرە مەترسیدارانە.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009/9/1

هەشتەم: ڕاگەیاندراوێك دەربارەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو

بۆ چەندین جارە پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت بەمەش ئەزموونێکی باش لەبەر دەستدایە کە بتوانرێ هەڵبژاردن بە پاکترین و جوانترین شێوە خۆی بۆ ئامادەبکرێت و بەرێوەش بچێت ، بەرەچاو کردنی کاریگەری بارودۆخی هەڵبژاردنەکانی ئەم دووایەی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم هەقە پێش ئەوەی بیر لە چۆنیەتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکرێتەوە ، بیر لە خاو کردنەوەی ململانێکان و هێور بوونەوەی کەش و هەوای دووای هەڵبژاردنی 25 ی تەمموزی 2009 بکرێتەوە ، ڕەوشەکە لە نێو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئاسایی بێتەوە و پێشوازی لە قۆناغی ڕاستەقینەی دێموکراسی بکرێ ، لە پێناو بەرژەوەندی باڵا هەر لایەنە لە ئاستی خۆی بە خۆدا چوونەوەیەکی دروست بکات بە بێ ئەمانە ناتوانرێ وەك پێویست پەیامی گەلی کوردستان بگەیەنرێتە پەرلەمانی عێراق ، لێرەدا چار نیە دەبێ یەك لەم دوو ڕێگایەی خوارەوە هەڵبژێردرێ بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی 2010/1/16 دا بەڵام لەسەر یەك بەرنامەی گشتگیر و تۆکمە و تێر و تەسەل بۆ ئەوەی پێگەی کورد لە عێراقدا ڕێزی لێبگیرێ و حیسابی بۆ بکرێ ئەوەش تەنیا بە درککردن بە بەرپرسیاریەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەبێ بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی پێشهات و ڕووداوە دیار و نادیارەکان .

– باشترین یەك لەو دوو رێگایە ئەمەیە بە بەرنامەیەکی یەکگرتوو لیستێکی یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردن بەشداری بکرێ کە مافی هەموو لایەك بەپێ ی رێککەوتن و ((میساقی شەرەف)) پارێزراو بێ هیچ کەس و لایەنێك خۆی بەسەر لایەنی تردا نەسەپێنێ پابەندی تەواو بە روونی و ئاشکرا بۆ میللەتەکەمان ڕابگەینرێ بۆ ئەوەی بە دڵنیایی کارو بارەکان لە بەغدا بچێت بەرێوە ، هەر پێشێلکاریەك بکرێ و ئەگەری هەڵوەشانەوەی یەك لیستی لێ بکەوێتەوە هەڵگری ئەم بەرپرسیارەتیە روو بە رووی لێپرسینەوەی گەلەکەمان ببێتەوە.

– رێگای دووەم لەسەر هەمان بەرنامەو رێککەوتن دەکرێ بەچەندین لیستی جیاواز بەشداری لە هەڵبژاردن بکرێ لەسەر بناغەی پاراستنی چارەنووسی خاك و گەلی هەرێمی کوردستان بەیەك هەلوێستی نیشتمانی و یەك گوتاری سیاسی ی و یەك ئیرادە و دید و بۆ چوون بێ کە مەترسیەکانی فرەلیستی بڕەوێنێتەوە.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دووپاتی ئەوە دەکاتەوە و بەبیر هەموو لایەك دەهێنێتەوە پەنابردن بۆ هەر رێگایەکی تر بەگران وەستانە لەسەر دۆزی گەلەکەمان ئۆبالی هەر ناتەبای ی و لێکترازانێکێش دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی مل بە بەرژەوەندی گشتی دانانێن

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009 / 9 /15

نۆیەم: ڕاگەیاندراوێك دەربارەی کرانەوەی تورکیا لەسەر کێشەی کورد

یەکێك لە رووداوە گەرماوگەرمەکانی ئەمرۆی کوردستان مەسەلەی کرانەوەی حکومەتی تورکیایە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر دۆزی گەلی کورد .

ئەم کرانەوەیە لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتی گشتیە یە ماوەیەکە لە تورکیا پەیرەو دەکرێ بۆ هەریەك لەم کراوانە نەخشە ڕێگای بۆ ئامادە کراوە بۆ ئەوەی تا بکرێ پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ دەولەتانی دەوروبەرو کێشە مێژوویەکەی لەگەڵ ئەرمەن و هەوڵە بەردەوامیەکەی بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورۆپا و هەروەها کێشە هەستیارو لە مێژینەی دەربارەی سیاسەتی پەیرەو کراو بەرامبەر بە کورد ، ئامانج لەو کرانەوانانەدا چەند مەبەستێکی ئاشکراو نهێنی لەخۆ دەگرێ ، یان ئەوەتە دۆزینەوەی بە دیلی ترە ، یان زیندو کردنەوەی عوسمانیە ، کە ڕەنگە حوکومەتی ئەمڕۆی تورکیا خۆی بە میراتگری ئەو ئەیدەلۆژیە بزانێ ، بەمەبەستی هەوڵدان و زیاتر بەدووداچوون لەسەر ئەم رەوشە نوێ یە .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە 2009/10/20 سیمینارێکی ڕێکخست بۆ بەرێز (فلك الدين كاكەیی) بە ئامادەبوونی کۆمەلێك لە شارەزاو ڕۆشنبیران ، بۆ هەڵوەستەکردن لە سەر فەلسەفەی کرانەوەی حکومەتی تورکیا بە تایبەتی لەگەڵ کوردانی باکوور ، سیمینارەکە ئەم خوێندنەوانەی لێ کەوتەوە .

- کرانەوەکە هەرچەند رووبەرووی هیچ لایەنێکی سیاسی کورد نەکراوەتەوە ، بەلام خۆی لە خۆیدا جێگەی بایەخ و گرنگیەکی پڕ لە مانای تێدایە ، وەرچەرخانێکە لە دەستپێکردنی گۆرانکاری لە عەقلیەتی دان نەنان بە بوونی کورد .
- مەبەستی کرانەوەکە خاوکردنەوەی کێشەکان و سیاسەتی توندو تیژیە بەرەو میانڕەوەی بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوت و ئامانجی تر .
- ئەم کرانەوەیە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی تورکوت ئۆزال بە تایبەتی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد .
- یەکەمجارە حکومەت دەستی بە چارەسەری کردووە .
- سەیرکردنی کورد لەم کرانەوەیە ئەوە دەگەیەنێ کە چارەسەری سەربازی دەگۆرێ بۆ چارەسەری سیاسیانە .
- هەرچەندە لەگەڵ ئەم کرانەوە یەش گلۆپی سەوز دراوە بە درێژ کردنەوەی ئۆپراسیۆنی سەربازی ئەمە پرسیارو گومان بەرامبەر کرانەوەکە قوت دەکاتەوە .
- هەنگاوەکانی کرانەوە کە هەرچەندە هێشتا لە قۆناغی سەرەتا دایە ، بەلاّم هەنگاوی پراکتیکی پێویستە وەك دەستکاری لە دەستوور و دەرکردنی چەند یاسایەك وە یان هەموارکردنی دەربارەی سیاسەتی (ئینکاری کورد) .
- جارەسەری داد پەروەرانەی کێشەی کورد لە باکوور دەبێتە جێگیربوون و سەقامگیری ئاشتی ی و دەستکەوتەکان لە ناوچەکە .
- ئەم کرانەوەیە پەیامێکی گرنگە بۆ ئەوەی پارت و لایەنە رۆشنبیری و ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی بیر لە بەرنامەیەکی شیاو بە یەك دیدو بۆ چوون بە مەبەستی بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بۆ هەڵسەنگاندنی پێشهات و ئەگەر و مەسەلەکانی ئەمڕۆ و دانانی ئەو هێلە سوورەی کە ماوەیەکە خەونی پێوە دەبینین .

_ ئەم کرانەوەیە پێویست دەکات کوردیش کرانەوەی خۆی هەبێ ، بۆیە پێشوازیەکی کوردانەی گشتی لەم رووەوە بەزەقی دیارە بە تایبەتی لە باکوور لە بەڕێز ئۆجەلان لە (PKK) لە (DTP) لە تەواوی چین و توێژەکانی تر ، باشترین دەستپێکیش ناردنی کاروانی ئاشتی بوو بۆیە پشتگیری لەو هەڵویستە بەرپرسیاریەش ، ئەو بەڕێکردنە و پێشوازیکردنە بوو لە کاروانی ئاشتی لەم دیوو لەو دیووی سنوور کە کۆترەکانی ئاشتی نەخشەی ڕێگای ئاشتیان هەڵگرتبوو دژی لە شکرکێشی و کاری توندو تیژی ، پەیامی مافی زمان و ئازادی و دیموکراتی و داواکردنی هەمواری دەستوور بۆ ئەوەی وەکوو هەر گەلێك و نەتەوەیەکی ئەم سەر زەمینە وەك مرۆڤ هەڵسو کەوتی لەگەڵدا بکرێ بۆیە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لەم سونگەیەوە پشتگیری تەواوی خۆی ڕادەگەیەنی بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەی ئاشتی ، ئەو رەوشە نوێ یە هەڵ و دەرفەتی رخساو وگونجاوی هێناوەتە پێش ، ئەرکی هەموو لایەك کە بیقۆزنەوە بۆ بەکارخستنی چارەسەری ئاشتیانە.

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009/10/22

دەیەم : دوو پێوانەیی لە رەفتار کردن بەرامبەر جێناکۆکەکان

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان پشتگیری و پشتیوانی خۆی دەردەبڕێ بۆ هەردوو لیستی هاوپەیمانی کوردستان ی و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر ئەو هەڵوێستە دەستوری و یاسایەی دەری دەبڕن ، کە لێ ناگەڕێن زیان بە ماف و بەرژەوەندیەکان بەگەلەکەمان بکەوێ ، هەول و تەقەللای سەرۆکایەتی هەرێم و پارت و لایەنە سیاسیەکانی تری کوردستان بەرز دەنرخێنین ، ئەوەش بەبیر هەمو ئەوانە دەهێنینەوە کە دەیانەوێ پیلانی پڕ لە گومانی تۆڵە سەندنەوە دابڕێژن ، با بەخۆیاندا بچنەوە ، چونکە پەنابردن بۆ دەستور و برایەتی و ئاشتی باشترین خزمەتە بۆ هەر لایەك کە بیەوێ بۆ بەرژەوەندی گەلانی عێراق کار بکات ، نەك بە ئارەزووی ئەوانەی چاویان بە ئاوەدان کردنەوە و تەبایی و سەروەری عێراق هەڵنایێ ، لەهەر وولاتێکدا ئەگەر کێشە و گیرو گرفتەکان بەدەستور و یاسا و لێك تێگەیشتن یەکلا بکرێتەوە ئیدی هیچ برو بیانویەك نامێنێ بۆ لێکدانەوەو بیر و بۆچوونی دیکە ، ئەوەی تێبینی دەکرێ لە عێراقدا هەر کاتێ وادەی هەڵبژاردن نزیك بێتەوە ئەو کێشانەی کە دەستوور ساغی کردۆنەتەوە دەبنەوە جێگەی ململانێ ، یان کە دەست دەکرێت بە چارەسەری ئەو بابەتانەی کە دەستوور نەخشە رێگای بۆ داناون ، دووبارە لایەنە ناکۆکەکان جارێکی تر دەیانەوێ بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان دەستوور و یاسا لێکبدەنەوە ، وەك مادەی ((140)) و یاسایی هەڵبژاردنەکان .

ئەوانەی دژی دەستوور و سیستەمی نوێ ی عێراقن هەڵس و کەوتەکانیان چەندین خوێندنەوەی هەیە ، بۆ وێنە لە پارێزگای مووسل بە شێوەیەك بیر دەکەنەوە لە پارێزگای کەرکوك بە شێوەیەکی تر کە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خۆیانە ، کە ئەوەش دیاردەی دوو پێوانەییە بۆ کێشەیەکی هاوشێوە.

بۆیە لەم بارو دۆخەدا گەلی کوردستان جگە لە پێداگری و پابەند بوون بە مەرجەعیەتی دەستوری لەسەر بناغەی یەك دەنگی ی و پەنابردن بۆ رێگە چارەی دێموکراسیانە دژی هەر گەلەکۆمەیەك و دەستێوەردانی لاوەکی هیچ رێگایەکی تری لەبەر دەم نییە

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009 / 10 / 26

یازدەم : ڕاگەیاندنیك سەبارەت بە داخستنی پارتی کۆمەڵگای مەدەنی دیموکراتی لە تورکیا

پرۆسەی کرانەوەکە لە دووایی هەڵبژاردنەکانی ئەم دوواییەی تورکیا ، حکومەت هەلێکی لەباری بۆ چارەسەری پرسی کورد ڕەخساندووە سەرەڕای هەندێ ناتەواویش لەسیاسەت و فەلسەفەی کرانەوەکە بەڕوی مافە ڕەواکانی گەلی کورد ، بەلام هەنگاوێکی گرنگ بوو لەڕوی مێژوویی و سیاسی ی و سایکۆلۆجی ، دەکرێ بە دەستکەوت بژمێردرێ ، هەرچەند ئەم کرانەوەیەش لە چوارچێوەی کرانەوەی گشتی یە و تورکیا دەیەوێ کاری بۆ بکات و جارێکی تر ڕۆڵی وولاتەکەی لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دیاربێت .

ئەوەی پێچەوانەی گەشبینی و پێشهات و ئەگەر و ویستەکان بوو ، دەرچوونی ئەو بڕیارەی دادگای دەستووری تورکیایە کە مستەکۆڵەیەکی توندی لەم هەنگاوانەی حکومەت دا ، داخستنی (D.T.P) ئەمە دەسەلمێنێ کە دژایەتیەکی بەهێز لە ئارادایە دژی ئیرادەی گەلەکەمان لە باکور و ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ ڕای گشتی لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا ، لە ڕاستی دا گەڕانەوەیەکیشە بۆ پەیڕەو کردنی نەریتی کۆنینەی شۆڤێنستی دەیان ساڵەی لەمەوبەر لە بڕی پەرەپێدان بە دێموکراسی و سەقام گیری ئاشتی .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان داخستنی (D.T.P) بەزیانێکی کوشندە و مەترسیدار پێناسە دەکات لە خودی ئاشتی و دێموکراسی ، هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللایانەش بە فیڕۆ دەبات کە هەندێ لایەن دەیان ویست تورکیا بەرەو قۆناغی شایستە و گرنگ بگوازنەوە ، لەمەشدا تورکیا زەرەرمەندی یەکەم دەبێت ئەگەر هەروا لێبگەرێن سیاسەتی دۆڕاو و شکست خواردوو باڵ بەسەر ئەم وولاتە دا بکێشێت .

سەرەڕای شەرمەزار کردنی بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵگەی مەدەنی داوا لە ڕای گشتی تورکیاو ئەورووپاو پەرلەمانەکانی جیهانیش دەکەین هەروا لێ نەگەرێن ئەم بڕیارە بە ئاسانی بخرێتە بواری جێ بە جێ کردنەوە ، چاوەڕوان دەکرێ گەلەکەشمان لە کوردستانی گەورە ڕوو بە ڕووی بەرپرسیاریەتی مەزن ببێتەوە بەوەی ڕێگای دیالۆگ و ئاشتی بگرێتە بەر بۆ پشتگیری تەواوی خۆی لە (D.T.P) و هەردوو پەرلەمانتاری ئەو پارتە و گەلەکەمان لە باکور و وەرگرتنی هەڵوێستی دروست و کاریگەر لە بەرامبەر ستەمی دادوەری لە تورکیا.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009/12/12

گومان لەوەدا نیە ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ لە ئەنجامی خەبات و قوربانیدانی دەیان ساڵەی گەلەکەمان هاتووتە دی ، پاراستنیشی دەکەوێتە ئەستۆی هەمووان ، هەریەکە بە پێ ی بەرپرسیاریەتی خۆی لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا ، یەکێك لەو دەسکەوتانە درووست بوونی پەرلەمانی کوردستانە کە وەك دەزگایەکی سەروەری بۆ نەتەوەکەمان جێگەی شانازیە و پێویستە رێزی لێ بگیرێ و پەرەی پێ بدرێ.

لێرەدا قسەمان لەسەر ئەوە نیە کە ئایا ئەم دەزگایە چەند بە گوێرەی ویست و خواستە و چەند ڕۆڵی کاریگەری هەیە ، چونکە ئەمانەش پەیوەستن بەو سیستەمەی کە هەرێمی کوردستان پیی بەرێوە دەچێ ، بەڵام گرنگ ئەوەیە پەرلەمان مان هەیە و بەرەو پێش دەڕوات...

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە پێ ی یاسایەك خۆبەخشانە کار دەکات کە یەکێك لە مادەکانی مافی پێداوە پشتگیری لە پەرلەمان و ئەندامانی خۆی بکات ، بۆیە دەمانەوێ ئەم ڕوونکردنەوەیە ڕابگەیەنین سەبارەت بەوەی ماوەیەکە لە زۆر کەنالی جیا جیا خەریکە هێرش دەکرێتە سەر پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتاران بە خانە نشینەکانیشەوە ، لە بری ئەوەی پێشنیاری بەسوود پێشکەش بکرێت بە مەبەستی چالاك کردنی پەرلەمان و باشتر کردنی ئەدای پەرلەمانتار ، هێشتا ئەو کەنالانە بە تێکەڵاویەك سەیری پەرلەمان وەك دەزگایەکی یاسا دانەری و دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن دەکەن ، وەك ئەوەی شارەزایی ئەرك و فەرمانەکانی ئەم دوو دەزگایە نەبن ، پەرلەمانتار بەگوێرەی پێگەو کار و پلەو پایەی لە هەموو جیهاندا دەبێ ژیان و گوزەرانی لە ئاستێکی ئەوتۆ دابێ بۆ ئەوەی بپرژێتە سەر کار و بارەکانی پەرلەمان ، ئێستاش لە بری لێپێچینەوە لەو کارو بارانە بە بەردەوامی زۆربەی میدیاکان لە مووچەی پەرلەمانتار دەپێچنەوە کە پەرلەمانتاریش لە کوردستان تەنیا مووچەیەکی هەیە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ مووچەو ئیمتیازات و ئاسانکاری پەرلەمانتارانی دەوروپشت و جیهان و عێراقیش ناگاتە دەیەکی ئەوان ئەوا جیاوازیەکی لە رادەبەدەرە بەڵام ئەوان رێز لە پەرلەمانی خۆیان دەگرن و سوکایەتی پیێ ناکەن ، هەروەها لەوەش ناگەین بۆ تەنیا باس هەر باسی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بۆ هەر بەردێك لە ئاسمان بێتە خوارێ دەبێ بەسەری پەرلەمانتار بکەوێ؟ حەیف و مەخابن بەدەستی خۆمان ئەو پەرلەمانەی کە گەلەکەمان خەونی بە هاتنەدی پێوە دەبینی بەم شێوەیە سووك و ریسوا بکرێ بێ ئەوەی هەست بە لێپرسینەوەی مێژووی بکرێ دەسکەوتێکی گرنگی ئەم میللەتە بکەوێتە بەر تانەو تەشەر ، پەرلەمانتاری بخرێتە ریزی هەندێ لە پلەی وەزیفی بە مەبەستی شکاندنەوەی سەرەڕای رێزی زۆرمان بۆ هەموو پلەیەکی وەزیفی ، ئایا بەو چەند سەد کەسەی پەرلەمان چارەسەری بەرز بوونەوەی مووچەی ئەو زیاتر لەوملیۆن کارمەندەی حوکومەت دەکرێ ؟ یان گرنگی نەدان بە شارەزایی و ئەزموونی پەرلەمانتارانی خولەکانی پێشوو کە مانەوەی پاسەوانیکیش بۆیان بە ڕەوا نەزانرێ ئەم هەڵس و کەوتە نادروستانە لەپای چی ؟ ئەمە پرسیارێکە ڕوو بە ڕووی گەلەکەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حوکومەت و ڕای گشتی دەکەینەوە کە سنوورێك بۆ ئەم ڕەفتارە دزێوە دابنرێ کە لەزیان گەیاندن زیاتر هیچی تری لێناکەوێتەوە.

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ڕاوبۆچوونەکان

یەکەم : **پرۆژەی چاکسازی**

ژمارە / 125 **بەروار / 12 / 1 /2009**

بۆ / بەڕێز سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ب / پرۆژەی چاکسازی

بە مەبەستی هاوکاریی و بەشداریکردن و پشتگیری کردن لە پرۆژەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان کە ماوەیەکە هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ دەدرێت ، یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان چەندین مانگە سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیەکە ، بە پێویستمان زانی بۆ بەڕێزتانی بەرزبکەینەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆژەچاکسازیەکانی تر . لەگەڵ ڕێزدا

هاوپێچ /

وێنەیەك لە پرۆژەکە

نیعمەت عەبدوڵا

سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

پرۆژەی چاکسازی لە بوارەکانی سیاسی و ئیداری و داراییدا

پێشەکی :

پاڵپشت بە ئامانجەکانی یاسای ژمارە 17 ی ساڵی 2006 ی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان ، بە پێویستمان زانی ئەم پرۆژەیە کە بە ناوی چاکسازی گشتیە لە بوارەکانی سیاسی و ئیداری و دارایی لە هەرێمی کوردستان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی بە گشت لایەکەوە بتوانین ئەو کەموکوریانەی کە بوونەتە هۆی پەیدا بوونی گلەیی و گازندەی هاووڵاتیان لە سەرکردایەتی کوردستان و حکومەتی هەرێم ، دەسنیشان بکەین و هۆکاری پەیدا بوونیان ئاشکرا بکەین لەگەڵ چەندین پێشنیار بۆ چارەسەر کردنیان ، بەو

هیوایەی ئەم پرۆژەیە بە هەند وەرگیری و کاری پێویستی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی رەوشی دۆزی گەلەکەمان بەرەو پێش بچێت ، ئەمەش ئەرکی گشت دڵسۆزێکی کوردستانە هاوکاری لە سەرکەوتنی پرۆژەی چاکسازی بکات .

گەندەڵی و جۆرەکانی و هۆکاری پەیدا بوونی و چۆنیەتی چارەسەری

گەندەڵی بە شێوەیەکی گشتی لە ناو کاروبارەکانی دامودەزگاکانی دەسەڵاتدا سەری هەڵداوە و هەندێ جاریش کەمتەرخەمی و هەڵەکانیش بەوە ناو زەد دەکرێ ، ئەم دیاردەیە لە هەموو جیهاندا بوونی هەیە ، جۆری سیستەمەکانی دەسەڵات لەهەر وڵاتێکدا رێژەی گەندەڵی لێك جیا دەکاتەوە .

جۆرەکانی گەندەڵی :

1 – **گەندەڵی سیاسی**

2 – **گەندەڵی ئیداری**

3 – **گەندەڵی دارایی**

بەشی یەکەم : گەندەڵی سیاسی :

گەندەڵی سیاسی لە نێو زۆر لە دەسەڵاتەکانی جیهاندا هەیە ، بە تایبەتی ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی دەوروبەری کوردستاندا زیاتر لەبەر چاوە ، ئەوەش خۆی لە نەبوونی ئازادی و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و شەفافیەت وسەرکوتکردنی داخوازیەکانی گەلانی بێ مافە ، ئەوانە هەمیشە دەستور و یاساکانیان دەکەنە قەڵغان بۆ شاردنەوەی ئەو دیاردانە ، دانانی یاساکان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدا دادەرێژرێت ، یاسای هەڵبژاردنی نوینەرانیان بۆ دەسەڵاتی یاسا دانان لە بەرژەوەندی خۆیاندایە ، هەروەها بەرنامەی کاری حکومەتەکانیان دیسان بە هەمان شێوەیە ، ئەمە کاری دەسەڵاتداری وڵاتەکەیە و پارتە سیاسیەکانیشیان بە هەمان شێوە کۆنگرەکانیان بەرێوە دەبەن و بۆ بەرژەوەندی تەسکی پارتەکە پەیرەو پرۆگرامی خۆیان پەسەند دەکەن ، کاتێ دەسەڵات دەگرنە دەست ، ئەم دیاردانەی لای خوارەوە بەرچاو دەکەون :

1 – دەسنیشان کردنی کەسایەتیە نزیك و دۆست و هاوەڵەکانی خۆیان لە دەزگاکانی یاسادانان و حکومەت و تەواوی دامو دەزگاکانی تری حکومەت ، ئەوە رەنگدانەوەی خۆی هەیە لەسەر پۆستەکانی ئیداری و دارایی و دادوەری و راگەیاندنەکان و هەمویان کار لە پێناو ئەو بەرژەوەندیانە دەکەن کە دەسەڵاتەکە لەسەری دروست بووە و دەست نیشانی کردووە .

2 – کاربەدەستان کاتێ دەست بەکاردەبن بە هۆی ناشارەزاییان و بە ئارەزوو و بۆچونی خۆیان و پەیرەو کردنی ئایدۆلۆجی پارت یان دەسەڵاتەکەیان ئەوا کارەکانیان بە شێوازی دروستدا ناروات و کەموکوری لە ئەرکەکانیاندا بەدیار دەکەوێت و ناعەدالەتی و تاکرەوی و خۆسەپاندن روودەدات ، نارەزایی و بێزاری لەلایەن حزبیەکان و جەماوەرەوە سەرهەڵدەدا .

3 – لەسەر ئاستی سیاسەتی باڵای دەوڵەت و چۆنیەتی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان ، ئەمەش لە کارەکانی ناوەوە باشتر نابێت ، چونکە ئاراستەی سیاسەتەکەیان لەسەر ئاستی بەرژەوەندیەکانی کەسایەتی ناو دەسەڵات وەیا بەرژەوەندی خودی لایەنەکەدا دەبێت ، بۆیە ئەم جۆرە دەوڵەتانە هەمیشە باری ئاسایشیان سەقامگیر نییە و گەلەکەیان لە بارودۆخێکی ناهەموار و نا جێگیردا دەبێت و هەژاری و بێکاری سەر هەڵدەدا و نایەکسانی و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ رو بەرووی هاوولاتیان دەبێتە و سەروەری خاك و نیشتیمان و باری ئابووری لە مەترسیدا دەبن .

یەکەم : گەندەڵی سیاسی لە کوردستان دا :

پاش راپەرینی ساڵی 1991 ی گەلی کوردستان و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، تارادەیەك دامو دەزگاکان بە ئاقاری دروست کاری خۆی دەکرد و جێگای ئومێدی گەلەکەمان و دۆستانیشی بوو ، بە لام بە سەر هەڵدانی شەری ناوخۆ و نەمانی متمانە بەیەك و لێکترازانی دامودەزگاکانی حکومەت و دەست تێوەردانی ناحەزان و دروست بوونی دوو ئیدارە ، زیاتر بارودۆخەکانی ئاڵۆز کرد ، لێرەوە گەندەڵیەکان بە تایبەتی سیاسی سەری هەڵدا و ئەمانەش هۆکارەکانی بوون :

1 – پێش راپەرین و هێشتا بەرەی کوردستانی لەشاخ بوو بە گشت لایەنەکانیەوە ، لە کاتی سەر هەڵدانی شەری عیراق لەگەڵ دەوڵەتی کویت و لێدانی سوپاکەی و دەرکردنی لەوێ ، ئەگەری باری ئاڵۆزی و سەرهەڵدانی راپەرین لە گشت ناوچەکانی عیراق هاتە ئاراوە ، بەرەی کوردستانی بەرنامەیەکی رێکوپێکی دانابوو بە مەبەستی چۆنیەتی سەرپەرشتی کردنی راپەرینەکانی کوردستان و چۆنیەتی بەرێوەبردنی کاروبارەکانی هاوولاتیان ، بە پێ ئەو بەرنامەیە لیژنەکانی پارێزگاکان و ناوچەکانی تر لە نوێنەری لایەنەکانی بەرەی کوردستانی پێکهاتبوو ، دەبوو هەموو کارێکی سەربازی ، ئیداری ، دارایی ، دادوەری ، راگەیاندن لە رێگای ئەو لیژنانەوە ئەنجام بدرایە ، هەموو لیژنەکان پێکهێنران و یەکتریان ناسی و بەرنامەی کاری خۆیان دانا ، بەلام هەرکە هێزەکان گەیشتنە شار و شارۆچکەکان ، ئەم بەرنامەیە کاری پێ نەکرا و هەر لایەنە بۆخۆی کەوتە کار کردن و لێرەوە ململانێ لە نێوانیاندا سەری هەڵدا .

2 – شەری ناوخۆ بووە مایەی نائارامی لە کوردستان و هەرچی کارەکانی سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی هەرێم بوو تەنها بەگشتی لە خزمەتی سەرکەوتنی شەرەکاندا بوو .

3 – رەوتی پێشوەچوونی دۆزەکەمان راوەستا و کێشەکان بوونە کێشەی چارەسەری راگرتنی شەر لە کوردستاندا لە بری بووژانەوە .

4 – هەر چەندە شەرعیەتی پەرلەمان بە هۆی هەست بەبەرپرسیاربەتی کردنی ئەندامە بەرێزەکانی مایەوە و نەهێڵرا لە ناو بچێ و ماوەی خولەکەی بە یاسا درێژ کرایەوە هەتا هەڵبژاردنی تازە ، بەلام نەیتوانی شەرەکان راگرێ وەیان رێگا لە دروست بوونی دوو ئیدارەیی بگرێ ، یاساکان لەو ماوەیەدا وەکو پێویست لە هەردوو ئیدارە جێ بەجێ نەدەکران

5 – بە هۆی دڵسۆزی دۆستانی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوە و هەست بە لێپرسراویەتی سەرکردایەتی کوردستان ، بارودۆخەکان ئاسایی بوە وە و لە ساڵی 2002 و لە هەنگاوی یەکەمدا هەردوو فراکسیۆنی پەرلەمان بە ناوی خولی گواستنەوە یەکیان گرتەوە ، بەبێ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە .

6 – دوای رووخانی رژێمی عیراق و داگیر کردنی لەلایەن هاوپەیمانانەوە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ، هەڵبژاردنی تازە لە کوردستان لە ساڵی 2005 ئەنجام درا ، خولی دووەمی پەرلەمان پاش دەست بەکار بوونی کابینەی پێنجەمی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی راگەیاند بە بەشداری چەندین لایەنی سیاسی کوردستانی ، ئەمجارەش سێ وەزارەت لە هەردوو ئیدارەکە یەکیان نەگرتەوە .

7 – چەندین بارودۆخی تری تازە رووبەرووی هەرێمی کوردستان بویەوە ، لەوانە جێ بەجێ نەکردنی ئەو مادە و برگانەی لە دەستوری هەمیشەیی عیراقی کە پەیوەندیدارن بە مافی گەلی کوردستانەوە ، جگە لەمانەش هەر رۆژە و بیانویەك دێننەوە دژ بە (فیدراڵی ، مادەی 140 ، رێکخستنی باری ئابووری و بەشی هەرێم لە بووجەی گشتی عیراق ، وەلانانی شەراکەتی گەلی کوردستان لە حوکمرانی عیراقدا و .....هتد)

8 – رەخنە و داواکاری چاکسازی کە لە راگەیاندنەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم دەخرێنە روو وەلامێکی ئەوتۆیان نادرێتەوە بۆ چارەسەر کردن .

دووەم : چۆنیەتی چارەسەر کردنی گەندەڵی سیاسی لە کوردستاندا :

هەر چەندە بەئەندازەیەك و کەمی ئەزموون و جیاوازی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتەکانی تر کە ئەوان چەندین ساڵە دەوڵەتن و پەیوەندی دۆستانە و بەرژەوەنیەکانییان لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێز و ئەوانی تر هەیە و ئەندامی نەتەوەیەکگرتوەکانن لە چاو ئەوانەدا باری سیاسی کوردستان تا رادەیەك بە دروستی دەروات لە ئیستادا ، بۆ زیاتر توند و تۆڵ کردنی پێویستی بە کەسانی شارەزا و پسپۆر هەیە ، پێویستە کەسایەتی شیاو و لێزان لە بواری دیبلۆماسی و نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دیاری بکرێن .

بۆ بنبر کردنی دیاردەی گەندەڵی سیاسی لە کوردستاندا ، پێشنیاری ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەکەین :

1 – بوونی یەك گووتاری سیاسی و یەك رووانین (روۆیا) لەسەر کێشە چارەنوسسازەکان و هەموو لایەك پابەندی بێ .

2 – گرنگە سەرکردایەتی کوردستان و لایەنەسیاسیەکان ئاورێك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان بدەنەوە کە بە درێژایی دەیان ساڵ خەباتیان تێدا کردووە ، بۆ ئەوەی تۆزێك لەو نەهامەتیانەی خۆیان و گەلی کوردستان بە بیربێننەوە ، بزانن ئەم گەلە قارەمانە چۆن خۆفیداکاری بەرامبەر دوژمنەکانی کردووە و چۆن پشتیوانیان لە شۆرش و سەرکردایەتیەکەیان کردووە ، چۆن هەمیشە لە بارودۆخی ئاوارەیی و ماڵکاولی دا بووە ، ئەمەش لە پێناو ئازادی و بەدەست هێنانی مافەکانی بووە ، وا ئیستا کوردستان ئازادە و هەمان سەرکردایەتیش دەسەڵاتدارە و ئەمەش ئومێدی گەل بووە ، دەبێ چیی وایکردبی کە ئەو بۆشاییە

دروست ببێ لە نێوان سەرکردایەتی و خەڵکدا ، گەلی کوردستان هەمیشە پشتیوانیەکی بەهێزی سەرکردەکانی خۆیان بوون ، بۆیە دەبێ لێپرسینەوەیەك لەم دیاردەیە بکرێ و بزانرێ هۆکاری چییە و دەبێ ئەو متمانیە بگەڕێتەوە بۆ ئاستی جارانی .

3 – لێ پرسینەوە و بەدواداچوون بکرێت لە کارو کرداری ئەو دەزگایانەی کە پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە لە ناوچەکانی پەیوەست بە مادەی (140) ، بۆ ئەوەی بزانرێ تا چەند سەرکەوتوو بوون لەو کارانەی پێیان سپێردراوە ، جگە لەمەش دیاردەی ململانێ سیاسی لەو شوێنانە نەك هەڵگیری بەڵکو قەدەغە بکرێ ، چونکە هەندێ کار و هەڵویست لەو شوێنانە لە بریی سود وەرگرتن زیانیان بە ناوچەکە گەیاندووە و پێویستە وەك یەك تیم کار بکەن .

4 – پێداچوونەوەیەك لەو هەڵویستانەدا بکرێ کە ئەمڕۆ لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی دەکرێت ، پرس و رایان لەگەڵ بکرێت لەسەر بارودۆخەکان ، بە یاسا بودجەیان بۆ دیاری بکرێ ، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان بە لێپرسراو بزانن لە گشت باش و خراپێکدا لە هەرێم و گەلەیی و گازندەکانیشیان کەم بکرێتەوە واتا پێکەوە کارکردن .

5 – دەربارەی کێشە و ململانیێ نێوان هەرێم و حکومەتی عیراق ، جگە لەوەی کە کێشەکان بە رێگایی دەستوری چارەسەر بکرێن ، ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و ئەوانەی تر کە نوێنەرایەتی هەرێم دەکەن لە عیراق بە نوێنەرەکانی تریش لە وەزارەتەکان و پۆستەکانی بالاش ، بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێم پێویستە کێشەکانیان یەکلا بکەنەوە ، وەك ئەم نمونانەی لای خوارەوە :

أ – زۆرێك لە مادەکانی دەستوور کە پەیوەستن بە مافەکانی گەلەکەمان و بۆ چەسپاندنی دەبێ یاسای بۆ دەربچێ ، دەبوو لیستی هاوپەیمانی کوردستان پرۆژەی ئەو یاسایانەی پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکردایە ، تەنها نمونەیەك دێنینەوە ، لە دەستووردا هاتووە (زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمی عیراقیەکانن و ئەمەش بە یاسا جێ بەجێ دەبێ ، ئایا تا ئیستا توانراوە ئەو پرۆژەیە و چەندین پرۆژەی تری لەم بابەتە پێشکەش بکەن ؟) .

ب – هەر وەکو ئەو کارەی لە برگەی (أ) ی سەرەوە نەکراوە ، لەکاتێکدا پرۆژە یاساکانی کوتلەکانی تری ناو ئەنجومەن پێشکەش دەکرێن و پەسەند دەبن ، هۆکاری چییە نەتوانراوە چەند جارێك لێپرسراوی جێ بەجێ کردنی مادەی (140) بانگێشتی پەرلەمان بکرێ و لێ بپرسرێتەوە .

ج – راستە هەندێ یاسا و بریار هەتا ئەگەر لە دەستووریش هاتبێ و پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر هەبێ ، بوونی پەیوەندی نێوان نوێنەرەکان و سەرکردایەتی کوردستان بە مەبەستی راگۆرینەوە لەسەر پرسەکان کارێکی بایەخدارە ، بۆ ئەوەی هیچ گرفتێك نەیەتە پێشەوە وەك ئەوەی لەسەر پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا رووی دا و کێشەیەکی نارەوای بۆ هەرێمی کوردستان دروست کرد ، هەروەها کاتێ هەست دەکرێ زیادە رەویەك یان نکولیەك یا پەشیمانییەك یا هەر شتێکی تر کە کار لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان دەکا ، ئەوا پێویستە لە سەریان بە زووی ئاگاداری سەرکردایەتی بکەن و جەماوەریشی لێ ئاگادار بکەن بۆ ئەوەی هەڵویستی نیشتیمانی بەرامبەر بەو لایەنە و کەسایەتیانە وەرگیرێ و پێیان بوترێ کە عیراقی نوێ بەبێ کوردستان دانامەزرێ .

6 – کارێکی پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم دامودەزگاکانی خۆی باشتر وەگەربخات و بە تایبەتی ئەو بەشانەیان کە راستەو خۆ پەیوەندی بە کاروباری هاوولاتیانەوە هەیە و چاودێری بە دامودەزگاکردنی حکومەتی هەرێم بکات .

7 – ئیستا بارودۆخەکان وەکو پێشتر نەماون و گۆرانکاریان بەسەردا هاتووە ، بۆیە پێویست دەکات هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە کات و ساتەکانی دیاری کراوی خۆیدا ئەنجام بدرێن وەکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ، لەم پرۆسەیەدا داواکاری وایە کە کەسانی شیاو و بە توانا دەست نیشان بکرێ .

8 – دەستوری هەرێمی کوردستان زۆر پێویست بوو زووتر پەسەند بکرایە ، چونکە دایکی هەموو یاساکانە ، کەچی هێشتا پەسەند نەکراوە و زۆر ناتەواوە لە رووی دیاری کردنی سنوری کوردستانەوە ، وا دیارە ئەو سنورە حسابی بۆ کراوە کە تا رۆژی 19 / 3 / 2003 ی پێش شەری هاوپەیمانان و عیراق بە دەست هەرێمەوە بووە ، شوێنەکانی تری کوردستان کە ناونراون بەدابراوەکان و کێشەیان بەستراوەتەوە بە مادەی (140) ، ناویان لە دەستورەکەدا نەهاتووە ، ئەمە غەدرێکی گەورەیە کە خۆمان لە خۆمانی دەکەیین ، هەتا ئەگەر لەو هەلومەرجەشا نەتوانین ئەو شوێنانە بهێنینەوە سەر هەرێم دەبی ئیمە ناویان لە دەستوری هەرێمدا دیاری بکەین ، بۆ ئەوەی بتوانین پاشان بەرگرییان لێ بکەین لانی کەم لە رووی جوگرافی و مێژووی .

9 – دەست تێوەرنەدان لە کاروباری دادوەری و پاراستنی سەربەخۆیی دادگاکان دەبێتە هۆی بەرقەرار بوونی یاسا .

10 – هەڵوێست وەرگرتن لەسەر گشت رووداو وپێشهات و دەست درێژی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە رێگەی کەناڵەکانەوە .

11 – هەرێمی کوردستان پێویستی بە دامەزراندنی دەزگایەکی باڵا و تایبەت بە میدیایی کوردستان هەیە ، ئەم دەزگایە دەتوانێ کاروبارەکانی (رۆژنامە ، گۆڤار ، تی ڤیەکان ، ڕادیۆ ، سایتەکانی ئەنتەرنێت ، هەر شتێکی تر لەم جۆرە) لە یەك یاسادا کۆبکاتەوە .

بەشی دووەم : گەندەڵی ئیداری :

، لە هەر شوێنێك ئەگەر بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە رووی پراکتیك (کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو) بەکار نەهات ، ئەوا ئەو وڵاتانە بەو ئاقارانەدا دەروات کە دەستنیشانمان کردوون ، (دواکەوتووی ، هەژاری ، ژێردەستەی ، بێکاری ، نەبوونی ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤ .... هتد) .

یەکەم : گەندەڵی ئیداری لە کوردستاندا :

لە دوای راپەرینی ساڵی 1991 و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، کاری دامەزراوەیی و پابەند بوون بە یاساکان و پایەدار کردنی سیستەمی دیموکراسی و رێگا والا کردن بۆ دەنگی ئازاد و دامەزراندنی ناوەندەکانی راگەیاندن بە گشت جۆرەکانی و چوونە ناو پرۆسەیەکی خوێندن بە زمانی خۆماڵی و کارکردن بە سیستەمی بازاری ئازاد و لە سەرووی ئەمانەشەوە دامەزراندنی دامودەزگاکانی وەزارەتەکانی حکومەت ، تا ئەندازەیەك باش بو بۆ ئەو سەردەمە

جێگای دڵخۆشی گەلی کوردستان بوو ، لەبەر بێ ئەزموونی لە بەڕێوەبردن و تێکەڵ کردنی حزب و ئیدارە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی تایبەت ، گەندەڵی ئیداری لە کوردستان سەری هەڵدا .

دووەم : هۆکارەکانی پەیدا بوونی گەندەڵی ئیداری لە کوردستاندا :

دامەزراوە حکومیەکان بەتەواوەتی جێگای خۆیان نەگرتبوو ، شەری ناوخۆ رووی دا ، ئەمە سەرەتایەکی زۆر مەترسیدار بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی بەدەست هاتبوو ، گەلەکەمان توشی بارودۆخێکی ناهەموار و ترسناك بوویەوە ، دوای ماوەیەك شەر و نائارامی و بەهۆی هەڵویستی دۆستان شەرەکە راوەستا و ئاشتی هاتە ئاراوە ، ئەم بارودۆخە بووە مایەی پەیدابوونی گەندەڵی ئیداری لە کوردستاندا و ئەمانە گرنگەکانیان بوون :

1 – دروست بوونی وەزارەتەکان و بریکارەکانیان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لە سەرەتای دروست بوونی کابینەی یەکەم لەسەر شێوازی چۆنیەتی دروست بوونی پەرلەمان بوو ، دەبوو وەزیر لە لایەنێك بێ و بریکار لە لایەنەکەی تر و هەردووکیان وەکو یەك دەسەڵاتیان هەبێت ، لێرەوە ململانێ دەستی پێ کرد ، بەبێ گوێ دانە میلاك و کەم و زۆری فەرمانبەر دادەمەزران ، ئەمەش لەسەر بنەمای 50 بە 50 بوو ، کار وای لێهات ئەم شێوازە گەیشتە دامەزراندنی خزمەتگوزارەکانیش ، هیچ حسابێك بۆ شیاوی و گونجاوی و شارەزایی و خویندەواریش نەدەکرا .

2 – ئاستەنگ دروست بوون لە بەردەم راپەراندنی کاروباری هاوولاتیان .

3 – کە پێکهێنانی کابینەی پێنجەم راگەینرا ، (3) وەزارەتی گرنگ یەکیان نەگرتوەتەوە ، ژمارەی وەزارەتەکان بە پێ قەوارەی هەرێم زۆر زیاتر بوو کە نزیکەی 42 وەزارەت هەندێکیان بێ کار بوون و هەندێکی تریش دەکرا لەگەڵ هاوشێوەکەی یەك وەزارەت بوونایە .

4 – ململانی حزبی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بوونی هەیە ، بریار و یاساکان لە هەندێ ناوچەکانی هەرێم وەکو پێویست جێ بەجێ ناکرێن ، هاوولاتیان لەو روەوە گازندەیان هەیە ، بەتایبەتی کاری ئەو سێ وەزارەتەی کە تا ئیستاش یەکیان نەگرتوەتەوە بەگشتی یەکگرتنەوەکەش لەسەرەوە بۆ خوارەوە نەهاتووە .

5 – رێگا دان بە فەرمی بۆ دروست بوونی سەدان رێکخراو و سەندیکا و سەنتەر و کۆمەڵە و یانەی وەرزشی و .....هتد ، جگە لەمانەش بە دەیان رێکخراوی تری وابەستە بە لایەنە سیاسیەکانی کوردستانەوە بونیان هەیە ، دەتوانین بڵێین لەوانە لە 10 ٪ یان سودیان هەیە ، ئەوانەی سەر بە لایەنەکانن زۆربەی زۆریان هاوشێوەی یەکترن و یەك ئامانجیان هەیە ، ئەمانە هەندێکیان قورسایەکی زۆر و بێ بەرهەمیان خستوەتە سەر حکومەت .

6 – لەوەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە کە دەکاتە نزیکەی 17 ساڵ ، نەتوانراوە بە شێوەیەکی باش کیشەکانی (کارەبا ، سوتەمەنی ، ئاو ، ئاوەرۆ ، قوتابخانەکان ، بنکە تەندروستیەکان ، گەشتوگوزار ، گرانی بازار ، رێگرتن لە هێنانی کەلوپەلی بێ کەڵك و بەسەر چوو و داودەرمان لە رێگای قاچاغچیەکان ، ..... هتد) .

7 – خۆپیشاندان و نارەزایی روو لە زیاد بوونە و وەکو پێویست وەڵامیان نادرێتەوە یان چارەسەر بۆ کێشەکانیان ناکرێت .

8 – پرۆژەکان بە گشتی لە شارەکان ئەنجام دەدرێن و گوندەکان بێ بەش کراون .

سێیەم : چۆنیەتی چارەسەر کردنی گەندەڵی ئیداری لە کوردستاندا :

1 – پێویستە کارەکانی حزب لە حکومەت جیا بکرێتەوە ، رێگا نەدرێت بە ئەندامانی هیچ لایەنێك بە ناوی حزب دەست لە کاروباری دامودەزگاکان بدات ، نابێ کارێ بکرێ کە هاوولاتی وا بزانی ئەو فەرمانگەیەی سەردانی دەکات سەر بە هیچ لایەنێکی حزبی بێ .

2 – راستە پۆستەکانی باڵا لە پەرلەمان و حکومەت لەلایەن خاوەن لیستەکانی سەرکەوتوو دیاری دەکرێت ، ئەمەش پێویستی بە هەڵبژاردنی کەسایەتی شیاو و شارەزا و رابوردوو پاك و ناسراوی ناو جەماوەرەکەیەتی ، دوور کەوتنەوە لە دانانی خزم و دۆست و ئەوانەی بەرژەوەندی تایبەتیان هەیە لەو کارەدا ، هیچ کەسایەتیەك لە کەسایەتیەکی تر ناچێ ، بۆیە مەرج نیە بە دانانی کەسێکی نزیك بەوەی کە پۆستەکەی لە دەست دەچێ بە خانەنشین یا شەهید بوون ، دۆزینەوەی کەسێك بۆ کارێك نەك کارێك بۆ کەسێك بکەینە دروشمی حکومەتەکەمان .

3 – حکومەتی هەرێم دەبێ دەزگایەکی هەبێ بەناوی دەزگای پشکێنەری ئیداری و لەم دەزگایەدا چەند فەرمانبەرێکی شارەزا و خاوەن ئەزموون لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی ئیداری هەبێ بۆ ئەوەی ناوە ناوە سەردانی وەزارەتەکان و گشت فەرمانگەکانی حکومەت بکەن و لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانیان بکۆڵنەوە و راپۆرتی سەردانەکەشیان بە باش یان بە بوونی سەرنجیان بنێرنەوە و رێنمایی خۆیان ئاراستە بکەن و سەرۆکایەتی حکومەتیش لەو کارانە ئاگادار بکەنەوە .

4 – فەرمانێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ گشت وەزیران و لێپرسراوانی فەرمانگەکان و گشت فەرمانبەران دەرچێ بە مەبەستی رێگا گرتن لێیان کە کاری بازرگانی و دامەزراندنی کومپانیا و دانانی کارگە و لەم جۆرە کارانە نەکەن .

5 – پێدا چونەوەیەکی ورد بە دامەزراندنی ئەو گشت سەندیکا و رێکخراو و سەنتەر و کۆمەڵە و یەکیتی و یانەکان و .....هتد بکرێت ، ئەوەی بێکەڵکە هەڵبوەشێتەوە ، ئەوانەی هاوشێوەن و هەریەکەیان وابەستەی لایەنێکە هەوڵ بدرێت یەکبگرن .

6 – چیتر پاساو نییە بۆ دواکەوتنی یەکگرتنەوەی هەر سێ وەزارەتەکە ، بەرژەوەندی گەلەکەمان لەوەدایە کە ئەوانە یەکگرنەوە

7– رێگا نەدرێت گۆرانکاری لەسەر هەر سیستەمێك بکرێ بێ گەرانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان ، بوونی مەرجی سەرکەوتنی هەر گۆرانکاریەك لە پێداویستیەکان و بوونی هوشیاریدایە ، ئایا چەند ئامادەکاری هەیە نەوەك کوتومت ئەزموونێکی بێیانی بەزۆر بە سەر نەوەکانمان بسەپێنرێ ، ئایا چەند هەل و مەرج لە بارە ئەگینا گۆرانکاری سەرچاوەی هەموو پێشکەوتنێکە و کاری پێشوەختی دەوێ و پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ تەندروست ئەرکی هەمە لایەنەیە بەتایبەتی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی و پێویستە بۆ ئەم جۆرە کارانە هانا بۆ پرۆژە یاساکان ببردرێ .

8 – کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان تا ئیستا وەکو پێویست کاریان بۆنەکراوە ، هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستاندا تایبەتمەندی خۆی هەیە ، گشت ناوچەکانی هەرێم بۆ هەردوو کەرت گونجاوە و شیاوی ئەوەیە پەرەی پێ بدرێت ، بەروبومەکانی کشتوکاڵی بە گشت جۆرەکانی بوونیان هەیە و پێویستی بە پەرەپێدانی هەیە و هاوکاری جوتیاران ، بواری گەشتوگوزاریش ئەوا هەموو دەشت و دەر و کەژو چیاو ئاو کانیاوەکانی جێگای هاوینە هەوارن و تەنها پێویستی بە پەرەپێدان هەیە ، ئەمەش جگە لە بەدەست هێنانی دەرامەتەکان بۆ حکومەت ئەوا هاوولاتیانیش سودی لێ وەردەگرن .

9 – پێداچوونەوەیەکی دروست لە پێناسەکردنی شەهید و پێشمەرگە و خەباتگێر و زیندانی سیاسی بکرێت بۆ ئەوەی لە نادروستەکان جیابکرێنەوە .

بە شی سێیەم : گەندەڵی دارایی :

گەندەڵی دارایی لە سەرتاسەری جیهاندا بە بەناوبانگترین گەندەڵی ناوزەد دەکرێت ، ئەمەش لە هەموو کونجێکی دونیادا بوونی هەیە ، گەندەڵیەکان لە دارایدا زۆر جار دەچێتە خانەی دزی ، یا تاڵان کردن ، یا خەرج کردن بە شێوەی نایاسایی ، یا دەست بەسەرداگرتنی سەروەت و سامانەکانی وولات ، یا بەهەدەر بردنی داهاتەکان ، یا سەپاندنی دەسەڵاتی تاك رەوی لە جۆری خەرجیەکان و نەگەرانەوە بۆ یەکسانی و رێنمایەکانی دارایی ، خەرج کردنی سامانەکان بۆ کاری نا شەرعی .

هەر وڵاتە و بۆ خۆی یاسا و رێنمایی دارای هەیە بۆ چۆنیەتی رێکخستنی کاروبارەکانی بوجەی ساڵانە و دیاری کردنی جۆری داهاتەکان و خەرجیەکان بۆ وڵاتەکە ، پابەند نەبوون بەو یاسا و رێنماییانە دەبێتە کاری گەندەڵی .

یەکەم : گەندەڵی دارایی لە کوردستاندا :

هەرێمی کوردستان وەکو هەر دەسەڵاتێك خاوەنی دارایی خۆیەتی ، ئەزمونی کارکردن بەم پرۆسەیە لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ دوای راپەرینی ساڵی 1991 ، لە سەرەتادا دارایی هەرێم بەرەی کوردستانی سەرپەرشتی دەکرد ، داهاتەکەی بریتی بوو لە کۆکردنەوەی پارەی گومرگەکانی سەر سنورەکانی هەرێم لەگەڵ ئیران و تورکیا و عیراق ، خەرجیەکانی زیاتر بوو لەو داهاتە بۆیە بەشی گشت خەرجیەکانی نەدەکرد ، جەماوەر جارێکی تریش خۆبەختانە ئەو بارودۆخەی بەرێ کرد ، نمونەی خۆفیداکاری مامۆستایانی کوردستان بوو کە بریاری دەوامی قوتابخانەکانیان دا بەبێ بەرامبەر و چەندیین هەڵوێستی تری لەم جۆرە ، حکومەت دامەزرا و خەریکی رێکخستنەوەی داهاتەکان بوو ، شەری ناوخۆ رووی دا ، کاتێ شەر راگیرا و ئیدارەی هەرێم بوو بە دوو ئیدارە و هەرلایەش وەزارەتی دارایی هەبوو ، داهاتەکان بووە دوو بەش ، پاش رووخانی رژێمی عیراق لە ساڵی 2003 و پەیوەست بونەوەی هەرێم بە دەوڵەتی عیراقی تازە ، هەرچی بەشی هەرێم هەبوو لە داهاتەکانی عیراق دەکرایە دووبەش ، بوجەی هەرێمی کوردستان بە هۆی نەبوونی سەرژمێریەکی تەواو لە عیراقدا ، بەشی هەرێم بە شێوەی رێکەوتن لەگەڵ لایەنەکانی تری عیراقی تا ساڵی 2008 یش بە رێژەی 17 ٪ میزانیەی عیراقی بۆ دیاری کراوە ، جگە لەمەش بە هەمان شێوە هەر زیادەیەکی تر لە داهاتەکانی عیراق ببێ و بخرێتە سەر بوجەی گشتی ئەوا لەوەش بەشی هەریم دادەنرێت ، ئەگەر بە هۆی کەمی داهاتەکان و بوونی

خەرجیەکی زۆر لە هەرێمدا پێش رووخانی رژێم ، کاروبارەکانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە بە کەمیش کرابێ رەنگە بەشێوەی دوای رووخانی رژێم تووشی گلەیەکی زۆر نەهاتبێ ، لەگەڵ ئەوەش پارەکانی دیاری کراو لە داهاتی نەوت بە خۆراك بە بریاری 986 کە لەلایەن رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە جێ بەجێ دەکران لە بوارەکانی (خزمەتگوزاری ، تەندروستی ، پەروەردە ، ئاوەدانکردنەوە ، پرۆسەی دابەش کردنی خۆراکی مانگانە بەسەر هاوولاتیاندا ، ....هتد) هەروەها چەندین رێکخراوی تری جۆراوجۆر لە وولاتانی خێرخواز و دۆستی کوردستان کارەکانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەیان پێشکەش کردووە ، ئەوەی جێگای سەرنجی هاوولاتیان بوو لە سەردەمی پێش رووخانی رژێم ، دەسەلاتی هەرێم بە هەردوو ئیدارەکەوە نەیانتوانی رێگا لە بەهەدەر بردنی پرۆژەکان و ئامێرەکانی پێویست بە کوردستان بگرن و بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاودیوی سنورەکان کران ، پاش رووخانی رژێمی عیراق بوجەی هەرێم باش بوو ، داهاتەکانی ناوخۆش وردە وردە بەرەو زیاد بوون چوو بە هۆی پەیدا بوونی بازاری ئازاد و هێنانی کەلوپەلەکانی جۆراوجۆرری بازرگانی ، پەیدا بوونی کومپانیایی بێ ژماری گەورەو بچوك ، هاتنی گەشتیاران بۆ هاوینە هەوارەکان ، کردنەوەی فرۆکەخانەکانی هەولیر و سلیمانی ، دامەزراندنی ئامێرەکانی جۆراجۆری پەیوەندی کردن ، دروست کردنی چەندین هوتێل و ریستۆرانی نایاب و بازرگانی کردن بە سوتەمەنیەوە ، .....هتد ، ئەمانە لە رووی دروست بوون و بەکار خستنیان دیاردەیەکی بوونی سەرمایەداری خستە سەر هەرێمی کوردستان ، لە رووی پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوە کارێکی باشە کە هەرێم لە وولاتێکی کاول و دارماوی ئابووری و هەژاری و نەبوونی بگاتە ئەو ئاستە کەچی هێشتا ژێرخانی ئابوری هەرێم وەك پێویست نییە .

دووەم : هۆکاری گەندەڵی دارایی لە کوردستاندا :

ئەو باسانەی ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستان لەسەر گەندەڵی دارایی دەکرێت ، دەتوانین لەم خالانەی خوارەوەدا دیاریان بکەین :

1 – بوونی دوو وەزارەتی دارایی لە هەرێم .

2 – نەبوون و دیاری نەکردنی کۆی داهات و خەرجیەکانی سالانەی هەرێم .

3 – خەرج کردنی زۆرێکی بوجەی هەرێم بە ووتەی لێپرسراوانی وەزارەتی دارایی بۆ موچەیە .

4 – نەبوونی چاودێری دارایی ، ئەوەی هەیە کاریگەر نییە و کاریش بە یاسا تازەکەش نەکراوە .

5 – زۆر بوونی کومپانیا و کارگە گەورەکان و بازرگانەکان و کاری پرۆژەکانی گەورە بە خاوەنداری بەرپرسەکانی حکومی و حزبی

6 – نەبوونی سەرژمێری و پلان و داتاکان بە وردی بۆ رێکخستنی باری دارایی .

سێیەم : چۆنیەتی چارەسەرکردنی گەندەڵی دارایی لە کوردستاندا :

دارایی هەر وڵاتێك لە ڕێگای سەرژمێری هاووڵاتیەکانیەوە دیاری دەکرێت ، ئەوەش بە هەمان شێوە دابەش دەبێت بەسەر هەرێمەکان و پارێزگاکانەوە ، بۆیە هاووڵاتیان هەقی خۆیانە لە نوێنەرەکانی خۆیان بپرسرێتەوە لەو بوجەیەی بۆیان دیاری کراوە ، چارەسەریش بۆ ئەم مەبەستە لەم چەند خاڵانەی لای خوارەوەدا دیاری دەکەین :

1 – پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سالانە کۆی داهات و خەرجیەکانی لە ڕێگای پەرلەمانەوە بە خەڵك رابگەێنێ

2 – هەرچی زووترە هەردوو وەزارەتی دارایی یەکگرنەوە ، هێچ مانایەك بۆ مانەوەیان نییە ، داهاتەکانی هەرێم و خەرجیەکانی لەگەڵ بوجەی گشتی عیراق کۆدەبێتەوە ، لێرەش حکومەت یەکی گرتوەتەوە ، دەبێ دابین کردن و ڕێکخستنی باری دارای هەرێم لە یەك شوێندا بێ بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی .

3 – کارێکی بە پەلە پێویستە بۆ ڕێکخستنەوەی ئیدارەی وەزارەتەکان و گشت فەرمانگەکان ، ئەو فەرمانبەرانەی بێکارن بگوازرێنەوە بۆ ئەو جێگایەی پێویستە ، ئەوانەی تەمەنیان گەیشتوەتە وادەی خانەنشینی با خانەنشین بکرێن ، ئەوانەی بەهۆی بارودۆخی نائاسایی دامەزراون سەرژمێری بکرێن و بزانرێت لە کۆی کار دەکەن ، نەبوەکانیان بسرنەوە ، ئەوانەی لەدەرەوەی هەرێمن چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوە ، بەتەمەنەکانیان خانەنشین بکرێ ، با چیتر وەزارەتی دارایی نەڵێ زۆربەی دارایمان بۆ موچەیە ، جگە لەمەش پێویستە کاروباری ڕێکخستنی پێشمەرگەش کۆتای پێ بێت ، ئەو دوو وەزارەتە یەکگرنەوە ، موچەیان بخرێتە سەر موچەی وەزارەتی بەرگری عیراق ئەوانەی بە پێ ڕێکەوتن دەچنە ریزی ئەو وەزارەتەوە ، ئەوی تریش بە پێ ئەو ژمارەیەی بۆ هەرێم دیاری کراوە بۆ پاسەوانی هەرێم ڕێکبخرێن ، ئەو بارە قورساییەی ئەوانیش لەسەر بوجەی هەرێم کەم بکرێتەوە ، پێشمەرگە دێرینەکانی شۆرشەکانی کوردستان هەر لە ساڵی 1961 وە بە پیێ خزمەتی خۆیان و ماندوبوونیان لە خەبات موچەیان بۆ دیاری بکرێت و بە یاسایەك ئەمەش جێ بەجێ بکرێ ، کاری پێویست بۆ کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان بە گشت جۆرەکانی شەهید بوونی ڕۆڵەکانیان جێ بەجێ بکرێت .

4 – دیاردەی هەژاری و بێکاری و نەبوونی جێگای نیشتەجێ بوون بۆ ئەوانەی خانو و بەرەیان نییە چارەسەر بکرێت بەتایبەتی ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنانەی بەر شالاوی ئەنفال و کیمیا باران کەوتوون ، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکرێن بۆ بە جێ هێنانی کاری خۆیان لەو بارەیەوە ، هەروەها دروست کردنی کارگە و پێشخستنی کەرتی پیشەسازی دەبێتە هۆی پەیدا بوونی کار بۆ بێکاران دووەمیش بۆ زیاتر کردنی داهاتەکان .

5 – کار کردن و پلان دانان بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان زۆر پێویستە ، ئەمەش پێویست دەکات بە هاوکاری کەرتی تایبەت کاری بۆ بکرێ ، یاسای تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە پەسەند بکرێ وەیان بریاری تایبەتی لە پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ دەربچێ ، ئەمەش لە گشت بوارەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتوگوزار و هەرشتێکی تری لەو جۆرە کارانە .

6 – بازاری ئازاد و هاتنە ناوەوەی گشت کالا و کەلوپەلەکانی پێویستی خەڵکی کوردستان بە گشت جۆرەکانیەوە بە خواردەمەنیەکانیشەوە ، زۆر بەرفراوان بووە ، هیچ پێودانگێکی وا نییە کە بتوانرێ کۆنترۆڵی کالا باشەکان و خواردنە تەندروستەکان بکات ، رەنگە هەندێ دەزگای چاودێری بچوك لە سنورەکان و لە دەزگا ئیداریەکان لە ناو شارەگەورەکان هەبن بۆ

ئەو مەبەستە ، بەڵام مادام یاسایەك نییە كە بتوانی بەرگری لە بەكارهێنەرەكانی بكات كە ئەویش هاوولاتیانی كوردستانە ، ئەو پرۆسە بچوكە ناتوانێ ئامانجەكانی بپێكێ ، بۆیە هەرچی زۆترە پێویست بە دانانی یاسای بەرگری كردن لە بەكارهێنەرەكان هەیە ، جگە لەمەش بۆ مەبەستی رێگا گرتن لە بەرز بوونەوەی نرخی كالاكان لە بازارەكاندا ، پێویستە یاسایەك هەبێ كەچۆن بتوانرێ كێبركێ لە نێوان بازرگانەكاندا دروست بكات و نرخەكان بە ئارەزووی خۆیان دیاری نەكرێت ، جگە لەمەش دیاردەی دەست بەسەرا گرتن (احتكار) وەیان قۆرخ كردن (استغلال) لە كوردستان قەدەغە بكرێ و نەمێنێ .

7 – پێویستە یاسا و رێنمایەكانی تایبەت بە گشت بوارەكانی (بەڵێندەرایەتی ، زیادكردن ، بەخشین و ....هتد) بە وردی جێ بەجێ بكرێن و ئەوانەی سەرپێچی تیدا دەكەن بدرێنە دادگا و سزا بدرێن .

8 – ڕەچاو كردنی كاریگەری قەیرانی دارایی لە جیهاندا بە هەند وەربگیرێ ، پلانی دروست دابنرێ بەوەی كە پەیوەندی بە هەرێمەوە دەبێ ، حسابیش بۆ چەند كاریگەری ئەم قەیرانە لەسەر عیراق هەیە بكرێ .

یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان

2009 / 1/12

ژمارە / 43 بەروار / 2009/4/7

بۆ / بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

ب / پرۆژە یاسای (حمایة المستهلکین)

خستنە روو و دەرکردنی یاسایی (حمایه المستهلکین) یەکێکە لەو یاسایانەی کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی کۆمەڵ و بە شێوەیەکی فراوان کاریگەری لەسەر تەندروستی ی و باری ئابووری هەرێمی کوردستاندا هەیە .

بۆ ئەم مەبەستە یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان ئەم پرۆژەیەی بە هەند وەرگرت و دووای تاوتوێ کردنی مادە و برگەکانی لە لایەن ئەندامانی لیژنەی یاسایی و کەسانی شارەزا لەو بوارەدا ، وا لەخوارەوە دەقی راوبۆچونەکانتان بۆ دەنێرین بۆ سود وەرگرتن و دەوڵەمەند کردنی یاساکە .

لەگەڵ رێزدا

نیعمەت عەبدوڵا

سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ب/ کۆنوسی دانیشتنی لیژنەی یاسایی.

لە بەرواری 2/17 و 2009/3/3 بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە ئەندامانی لیژنە کۆبونەوەی ئاسایی خۆمان ئەنجام دا. دەربارەی پرۆژە یاسای (حمایه المستهلك رقم ( ) لسنه (2007) لاقلیم کوردستان العراق. پاش گفتوگۆ کردن دەربارەی پرۆژە یاساکە لە لایەن ئەندامانی لیژنە ئەم پێشنیارانە خرایە روو.

المادة الثانية: (السلعة) اية موجودات سواء كانت صناعية أم زراعية أم حيوانية انتجت في الاقليم أو نقلت اليه بما في ذلك المواد المكونة الداخلة في انتاجها.

المادة السابعة عشر: (لوزارة التجارة) بدلاً من وزير التجارة.

المادة الثامنة عشر: يحدد وزارة التجارة مع جهاز حماية المستهلك المبادىء التي ترعى الاعلانات التي تتناول السلع والخدمات والشروط الاساسية التي تقتضي توافرها في الترويج والاعلانات.

المادة الثالثة والعشرون: فقرة (5) الغاء هذه الفقرة.

المادة الرابع والعشرون: فقرة (6) الغاء هذه الفقرة.

المادة الخامسة والعشرون: فقرة (أ) لطبيعتها بدلاً من ظيعتها.

المادة الثلاثون: كتابة مدة بدلاً من المهلة.

م/41. فقرة (2). حذف عبارة (بعد موافقة مجلس الوزراء في الاقليم على ذلك).

م/46. فقرة (1) . المختبرات و وكالات الاعتماد ومكاتب المراقبة والفحص المسبق المحلية والدولية المعتبرة لدى الجهات المختصة في كوردستان أو العراق والمتعلقة بسلامة السلع والمواد.

م/51 (أ). يجتمع مرة واحدة كل شهر على الاقل وكلما دعت الضرورة على ان يتم ذلك بناءً على دعوة من الرئيس او نائبه ويجوز دعوة المجلس للاجتماع بطلب من ثلثي الاعضاء.

م/54. للوزير اقالة اى عضو وبناءً على اقتراح من المجلس عند توفر أحد الاسباب الآتية.

م/58 (أ) لحكومة الاقليم.

م/58 (7). فقرة (2) حذف كلمة الاعلانات وتضمينها لفقرة خاصة.

م/59. حذف هذه المادة.

م/63 فقرة (أ) بتوجيه من جهاز حماية المستهلك يعدل الى (بطلب أو باقتراح من جهاز حماية المستهلك).

م/64 . يمثل رئيس المجلس أو من يخوله ....الخ.

م/68 . فقرة (3) تصحيح الرقم (51) الى (67) من هذه المادة.

م/69. اضافة كلمة (تحريك) قبل كلمة مباشرة في هذه المادة.

م/72 . فقرة (7) حذف عبارة (ومنح الجرائم والمخالفات ...الخ) لانها مضمونه بحكم القانون.

م/74. توحيد المادة (74) مع المادة (46) ويكون ضمن الفصل (12) مع مراعات تسلسل المواد.

الفصل الثالث عشر. اعادة النظر في العقوبات الواردة في المواد (77)، (78)، (79)، (80) .

ليژنەی یاسایی

2009 / 3 / 17

سێ یەم : **دەرهێنانی عیراق لە بەندی (7) ی میساقی نەتەوەیەکگرتوەکان**

کۆبوونەوەیەك لەسەر دەرچوونی عێراق لە فەسلی حەوت لە میثاقی نەتەوە یەکگرتوەکان.

ئێوارەی ڕۆژی 2009/6/17 لەسەر بانگێشتی دەستەی باڵای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ، کۆمەلێك لەبەرێزانی یاساناس و سیاسەتمەدار و مێژوو نوسان و روناکبیرانی گەلەکەمان لە بارەگای یەکێتیەکەمان کۆبوونەوەیەك لەسەر پرسی دەرهێنانی عێراق لە فەسلی حەوت لە میثاقی نەتەوە یەکگرتوەکان و چارەنوسی بڕیار 688 و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بە پێ ی ڕێکەوتنامەی نێوان عێراق و ئەمریکا و کاریگەری ڕاستەو خۆ و ناڕاستەو خۆی ئەوانە لەسەر ڕەوشی هەرێمی کوردستان.

لەو بارەیەوە گفتوگۆ و بیروڕا تاوتێ کرا لە سەر گشت ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەست بوون بەو پرسانە. سەرەنجام بەکۆی دەنگی بەرێزانی بەشدار بووی کۆبونەوەکە. داوا بکرێت لە سەرکردایەتی سیاسی و ئیداری کوردستان ڕێو شوێنی شیاو بگرنەبەر بۆ دەستە بەر کردنی گەرەنتی دووبارە نەبوونەوەی نەهامەتیەکانی سەر گەلی کوردستان. چ لە ڕێگای چەسپاندنی مافەکان بێت لە دەستوری عێراقی و بەدواداچوونی بڕیاری ژمارە (26) ساڵی 2008 ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کە تایبەتە بە ناساندنی کوشتاری گەلی کوردستان بە جینۆ ساید.

ئەو بەڕێزانەی بەشداری ئەو کۆبونەوەیە بوون :

1 – بەڕێز کاکە رەش نەقشبەندی

2 – بەڕێز د . بشیر خلیل حداد

3 – بەڕێز مسعود عبدالخالق

4 – بەڕێز د . هسین بالیسانی

5 – بەڕێز عەبدولاّ وەنگەنە

6 – بەڕێز د . ئازاد عوبید سالّح

7 – بەڕێز جلال خۆشناو

8 – بەڕێز نجاة یاسین النجار

9 – بەڕێز سردار انور سلَیمان

10 – بەڕێز نیعمەت عەبدولاّ

11 – حمە عەلی تۆفیق میرزا

نامەی تایبەتی بە ناردنی بیرورا لەسەر ئەوبابەتە

ژمـارە : 75 **بـەروار:** 30 / 6 / 2009

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ب / دەرهێنانی عیراق لە بەندی حەوتەم

لە رووی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی هەستیار ، لە رۆژی 2009/6/17 لەسەر بانگهێشتی دەستەی باڵای یەکیتیەکەمان ، کۆمەلێك پەرلەمانتار و یاسا ناس و سیاسەتمەدار و مێژوو نوس و روناکبیری کرد ، سەبارەت بە پرسی دەرهێنانی عیراق لە فەسڵی حەوتەم و کاریگەری ئایندەی لەسەر هەرێمی کوردستان/ عێراق .

دووای مۆرکردنی رێککەوتنامە ئەمنیەکەی نێوان وولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و کۆماری عێراق ، پرسی دەرچوونی عێراق لە فەسلی حەوتەم لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتوەتە ئاراوە کە بەگویرەی بڕیاری 661 ی ساڵی 1990 بەسەریدا سەپێنرا بوو ، ئەوەش لە نامەیەکی سەرۆکی وەزیرانی عێراق دا هاتووە کە لە 7 کانونی یەکەمی/ 2008 ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی کردووە.

هەر لەسەر کەش و هەوای (بارودۆخی) هاتنە کایەی بڕیاری 661 ساڵی 1990 چەندین بڕیاری تر هەیە سەبارەت بە عیراق و گەلی کوردستانی عێراق وەکو بڕیاری 688ی ساڵی 1991 و دانانی ناوچەی ئارام و بریاری 986 و چەندین تێگەیشتنی تری نێودەولەتی لەم رووە، بۆیە ئەم چەند رونکردنەوەیە درا :

1- جیاکردنەوەی ئەو بڕیارانەی کەوەك حالەی (پەیوەندیدار) عێراق و کوێت دەرچوون لەگەڵ ئەو بڕیارانەی وەك حالەی (پەیوەندیدار) عێراق .

2- مادەی (25) لە رێککەوتنامەی ئەمنی ئەمریکا و عێراقی ئەو بڕیارانەی بنیادنراون لە سەر بڕیاری 661 ساڵی 1990 هەڵدەوەشێنەوە ، بێ ئەوەی گرینتیەکی ئاماژە پێ کرابێ ، لە رووی یاسای نێودەولەتی کەلە ئایندەدا جارێکی تر دەولەتی عێراق ئەو هەلس و کەوتانە دووبارە نەکاتەوە کەدژ بە گەلی کورد ئەنجامی داوە .

3- دەرچوونی عێراق لە فەسڵی حەوتەم بەنامەیەکی بەرێز مالیکی سەرۆکی وەزیرانی عیراق گونجاو نیە ، لە کاتێکدا بریاری 688 ی ساڵی 1991ی ئەنجومەنی ئاسایش ئاماژە بە سەرکوتکردن و شێواندنی ئاسایشی ولاتان دەدات ، ئەو بریارە لەسەر بنەمای برگەی (7) لە مادەی (2) فەسڵی یەکەم لە میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان دەرچوە ، ئاماژەیەکی تەواو بە پەیوەندی بە فەسڵی حەوتەمەوە دەدات لە هەمان میساق ، پێویستە بەلێننامەی فەرمی لەم رووە هەبێ ، وەك ئەوەی کاتی خۆی عێراق (10) بەلێنی دا ئەوسا لە عصبەالامم وەرگیرا لەوانە دوو بەلێننامانەش سەبارەت بەمافەکانی گەلی کورد بوو.

4- ئەگەر دەستوری عێراق بکرێت بە زەمانەت ، ئەوا هێشتا حکومەتی عێراقی پابەندی تەواوی پێ نەکردووە ، مادەکانی پەیوەست بە مافەکانی گەلی کوردستان بە مادەی 140 یشەوە جێبەجێ نەکردووە ، چونکە سیاسەت لە عێراق رۆلی لە ناکاوی هەیە ، بۆیە زەمانەتی دەستوور زۆر گرنتی نییە

5-بریاری دادگای تایبەتی باڵا لەسەر تاوانەکانی سەرانی رژێمی لەناوچوو ، پاش ئاشکرا بوونی ئەو کوشت و کوشتارەی دەرحەق بە گەلی کوردستان کراوە ، ئەو تاوانانەی بە جینۆساید بەرامبەر بە گەلی کوردستان ناساند ، بریارەکە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا پەسەند کرا بە ژمارە 26 ی ساڵی 2008 .

بەرێزانی ئامادەبووی کۆبونەوەکە گەیشتنە ئەو ڕایە ئەو پرسەی دەرچوونی عێراق لە بەندی حەوتەم ، پێشنیار بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێشکەش بکرێت کە لەم پێناوەدا بە جدی کاربکات لەسەر :

یەکەم – داوای گرنتیەکی نێودەوڵەتی بکرێت کە رێگا لەو نەهامەتیانە بگرێت کە گەلی کوردستان لە ساڵانی دەسەڵاتی رژێمەکانی پێشودا بەرامبەری کراوە .

دووەم – لە کاتێکدا ئەگەر دەستور ئەو زامنە بێ ، پێویستە هەوڵی جدی بدرێت بۆ جێبەجێ کردنی تەواوی مادەکانی پەیوەست بە مافەکانی گەلی کوردستانەوە بە مادەی 140 یشەوە.

سییەم – کار کردن لەسەر وەرگرتنی بریارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان لەسەر بریاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ژمارە 26 ی ساڵی 2008 کە تایبەتە بە تاوانی جینۆساید دەرحەق بە گەلی کوردستانی عیراق بە مەبەستی دووبارە نەبونەوەی جینۆسایدێکی تر دەرحەق بە گەلی کوردستان .

حمه علی توفیق مبرزا

سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

وێنەیەکی بۆ /

فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق / بۆ هەمان مەبەست تکایە

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەتەوەیەکگرتوەکان / لەگەڵ رێزمان و بۆ هەمان مەبەست

کۆڕ و سیمینارەکان

یەکەم: **کۆڕێك بۆ نوێنەرانی کۆمسیونی باڵای هەڵبژاردن لە بارەگای k.p.u**

ئێوارەی ڕۆژی 2009/5/24 یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان کۆڕێکی سەبارەت بە پەیرەوو ڕێنمایەکانی هەڵبژاردن و کاری چاودێران بۆ هەردوو بەڕێزان کارمەندانی کۆمسیۆنی لقی هەولێری ڕێکخست بە ئامادەبوونی دەستەی باڵا و ئەو ئەندامە بەڕێزانەی یەکێتیەکەمان کە بۆ کاری چاودێری دەسنیشان کراون لەم کۆرەدا جەخت لەسەر سەرکەوتنی هەڵبژاردن و هاندانی هاوڵاتیان کرا بۆ ئەوەی مافی خۆیان بەکار بێنن و بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

لە رۆژی 2009/10/6 کاتژمێر (4) ئێوارە لە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری زانکۆی صلاح الدین لە هەولێر. یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سیمینارێکی بۆ رێزدار مامۆستا (صلاح الدین محمد بهاو الدین) ئەمینداری گشتی یەکگرتوی ئیسلامی لە کوردستان ساز دا لەژێر ناونیشانی (چۆنیەتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق) بە بەشداری کۆمەلێك کەسایەتی پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار و رۆشنبیر، هەروەها بەرێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری هەرێمی کوردستان ئامادە بوو .

بەرێز مامۆستا صلاح الدین بە شێوەیەکی تێرو تەسەل بابەتەکەی خۆی خستە روو . پاشان چەند بەشدار بوویەکی بەرێز راو سەرنج و تێبینی خۆیان دەربری لەسەر هەمان بابەت .

لە ئاکامی ئەو گفتو گۆیانە . یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لەسەر بەشداری هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاگەیاندنێکی دەرکرد و ئاراستەی گشت لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی کرد.

راگەیاندراوێك لەسەر بەشداری هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق

یەکێك لەو دەرفەتە گرنگانەی پێویستە گەلی کوردستان خۆی بۆ ئامادە بکات ، بەشداریکردنە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق ، کە لە رێگەی مافەکانی دیموکراسی پێگەیەکی یاسایی لە عیراقدا دروست دەکات ، ئامادەیی کورد لە بەغدا واتە رەنگدانەوەی بەشداری فیعلی نوێنەرەکانە لە پەرلەمان و حکوومەت و دەسەڵاتی دادوەری لە عێراقدا ، بایەخێکی زۆری دەبێ لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان و کێشە هەلپەسێراوەکان ، وەك پاسەوانێکی ئەمین لەسەر داکۆکی کردن و پاراستنی مافەرەواکان .

ئەم ئامادەییەش لەسەر بناغەی نەتەوەیی و نیشتمانیی و بەرژەوەندی گشتی بێ ، نەوەك لەسەر هیچ پەیامێکی نەشیاوی تر ، هەروەها رۆلی کاریگەریش بگێرێ بۆ ئەوەی عیراق وەك دەولەتێکی دیموکراسی و فیدراڵی دروست ببێت و پێش بکەوێ ، ئەمە بۆ قازانجی هەموو لایەنەکان دەگەڕێتەوە ، ئەم بەشداریە لەسەر بنەمای یەك هەڵوێستیی و یەك دیدو بۆچوون یەك گوتاری ئامادەکراو بێ ، بۆ ئەوەی بەزینی هێلە سوورەکان بڤەبێ ، ئەمە فاکتەری رەواندنەوەی هەموو مەترسیەکانە بەو ئەگەرانەش کە ئەمرۆ لایەنە عیراقیەکان وا خەریکی بەخۆدا چوونەوەن واتە ((ستراتیژیەکی نوێ)) لەسەر سیاسەتێکی تەم و مژاوی و هێنانەوە گۆریی حساباتە کۆنە بەسەرچووەکان و زیندووکردنەوەی هەستی شۆڤێنی و خەیاڵ چوون بەرەو بەهێز کردنی دەوڵەتی ناوەندی ، بەکورتی خەریکی ڕێکخستنەوەیەکی مەترسیدارو گوماناوین ، ئەم ئەگەرانە لە دەست تێوەردانی هەرێمی و دەرەکیشی بە دەرنیە

لەسەر ئەم بابەتە پڕ لەبەرپرسیاریە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سیمینارێکی لە 2009/10/6 ڕێکخست کە کۆمەلێك لە کەسایەتی پەرلەمانی و سیاسی ی و رۆشنبیری تێیدا ئامادەبوون ، ئەم ئامانجانەی بە ئاراستە کراوی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان بە جێهێشت کە بە شێوازێکی نوێ کاری لەسەر بکرێ .

- بەستنی کۆبوونەوەیەکی هەمە لایەنە بە مەبەستی دانانی ستراتیژیەکی نوێ بەرامبەر بەو ئەگەر و پێشهاتانەی کە لە ئارادایە ((ستراتیژی تازەی بەرامبەرەکان)) .
- پێداچوونەوە بە ئەدای سیاسی ی و ئیداری و دارایی هەرێم و بە تایبەتی لە ناوچە چێناکۆکەکان و بەغدا
- رێککەوتن لە سەر میساقێکی شەرەف و دیاریکردنی هێلی سووری نەتەوەی .
- ئارامکردنەوەی کەش و هەوای نێوان قەوارە سیاسیەکانی کوردستان بۆ هێنانەکایەی ئاشتیەکی کۆمەلایەتی .
- وەلانانی ململانێکان , کۆ دەنگی و یەك بەرنامەیی دەبێتە مایەی ڕێز گرتن لە پێگەی کورد لە بەغدا و لە دەرەوە .
- پەنابردنە بەر شەفافیەت ، بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی گشتی دروست بێت .
- تێکرای ئەم خالانەی سەرەوە کاریگەری تەواوی دەبێ لەسەر مەسەلەی نەتەوەییمان کە دەستکەوتی بەرهەمداری لێ دەکەوێتەوە .
- جارێکی تریش ناوەرۆکی راگەیاندراومان لە رۆژی 2009/9/15 بیر دەخەینەوە .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2009/10/6

سێ یەم : **سمینارێك بەناو نیشانی کرانەوەی تورکیا لەسەر کێشەی کورد**

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لەڕۆژی 2009/10/20 سمینارێکی بەناونیشانی (کرانەوەی تورکیا لەسەر کێشەی کورد) بۆ بەڕێز فلك الدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ساز دا.

ناوبراو بەشێوەیەکی تێر و تەسەل باسی لە چەمکەکانی ئەو پرسە کردو بە پرۆسەیەکی ئەرنی و ئاشتیخوازانەی زانی و پاشان بەشدار بووانی سمینارەکە ڕاو سەرنجی خۆیان بۆ دەولەمەند کردنی بابەتەکە خستە روو. ئەم پرسەش لەکاتێکدا بوو کە دوو گروپی ئاشتی کوردستانیانی تورکیا لە قەندیل و مەخمورەوە پەیامی ئاشتیان بۆ دەولەت و گەلی تورکیا بردەوە. سمینارەکە بەسەرکەوتووی کۆتایی هات و بە ڕاگەیاندراوێك هەڵویستی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان دەربارەی ئەمە پرسە ڕادەگەینرێ .

چوارەم : **سمینارێك بەناوی (كێشەی مووسڵ ، گرفت و چارەسەر)**

ئێوارەی ڕۆژی 2009/11/10 یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە درێژەی وەرزی بەستنی کۆڕو سیمینارەکانی ، میوانداری نووسەرو ڕۆژنامەنووسی بەڕێز (عبدالغنی علی یحیی) ی کرد بۆ پێشکەشکردنی بابەتێکی گرنگ کە پەیوەستە بە مێژووی گەلی کوردستان ، بە ناوی (کێشەی مووصل ، گرفت و چارەسەر)، لەم سیمینارەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و ڕۆشنبیران ئامادەی بوون ، بابەتەکە دەرئەنجامێکی باشی لێکەوتەوە وەك ئەوەی جارێکی تریش کێشەی مووصل بکرێت بە دۆسیەیەکی گرنگ لە نێو لایەنە سیاسی و ئەکادیمی و ڕاگەیاندنەکان لە ڕێگەی پشت بەستن بە بەڵگەنامەی مێژوویی و واقیعی ئەمڕۆ .

پێنجەم : ئەشکەنجەو چاودێری لە گرتوخانەکانی هەرێمی کوردستان

لەسەر باتگێشتی ڕێکخراوی (PAO) بە مەبەستی گفت و گۆ لەسەر ئەشکەنجەدانی گیراوەکان و مامەڵەکردن لە گەڵیان لە گرتوخانەکاندا. شاندێکی دەستەی باڵاو چەند ئەندامێکی لێژنەی مافی مرۆڤ لە یەکێتی پەرلەمانتاران لە ڕۆژی 2009/11/17 بەشداری لەو وۆرکشۆپەدا کرد کە ڕێکخراوی ناوبراو سازی دابوو . هەروەها بانگێشتی لێژنەکانی (مافی مرۆڤ و لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان و لێژنەی یاسایی و لێژنەی ناوخۆ) لە پەرلەمانی کوردستان کرابوو. دەسپێکی ورکشۆپ ، لێپرسراوانی ڕێکخراوی (PAO) بابەتی خۆیان پێشکەش کرد لەنێوان بەرنامەو کاری ورکشۆپەکە وتەی یەکێتی پەرلەمانتاران لەسەر دەوری پەرلەمان لە مامەڵە کردن لەسەر ئەو پرسە چی یە. لەپاش ڕوون کردنەوەکانی لێرسراوان ، ڕاپۆرتی ئامادەکراو لەلایەن دەستەی باڵا ، بەرێز سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتاران پێشکەشی کرد . ناوەرۆکی بریتی یە لە پێشنیار بۆ پەسەند کردنی

یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان . بابەتەکە جێگای دەستخۆشی گشت لایەك بوو ، لەخوارەوە دەقەکەی دەخەینە ڕوو ، پاشان گفتوگۆ دەستی پێکرد لەلایەن بەڕێزانی بەشدار بوو ، لەو نێوانەشدا لێژنەی مافی مرۆڤی سەر بەیەکێتی پەرلەمانتاران کە سەردانی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێریان کردبوو ، باسێکی تێر و تەسەلیان لەسەر ئەو سەردانەو کارەکانی ئەو دەزگایە کرد ، سەرۆکی پەرلەمانتاران لەسەر ڕاپۆرتی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی دەربارەی ئەشکەنجەدان لەهەرێمی کوردستان . باسێکی بۆ ئامادەبوانی کرد و ڕوونی کردەوە کە خەریکی بەدواداچوونی ئەو بابەتەن .

دەقی ووتاری پێشکەش کراو

لەچەرخی بیست و یەکدا مەسەلەکانی مافی مرۆڤ پێ ی ناوەتە قۆناغێکی هەستیار ، نەك تەنیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ، بگرە بە سەدان ڕێکخراوی حکومی ی و ناحکومی ئەمڕۆ لەم بوارەدا چالاکی دەنوێنن .

داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە زۆر شوێنی جیهاندا پێشکەوتنی دیاری بەخۆی بینییوە ، کەچی جێگەی داخە لە زۆر شوێنی تریش ئەم پێشێلکاریە وەکو کەلتوورێك هەلسو کەوتی لەگەڵدا دەکرێ ، سەرەرای ئەوەش دەبینین لە نێو بەرنامەکانی پارت و کۆمەڵەو دام و دەزگاکاندا برگەیەك یان ماددەیەك نووسراوە سەبارەت بە داکۆکی لە مافی مرۆڤ .

چارەسەریی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ پێویستی بە چاکسازی هەیە بە پراکتیك (عملی) نەك بە دروشم ، ئەمەش بە گۆشاری ڕای گشتی و ووشیاریی و ڕاگەیاندن و ئیرادەی دەسەڵات دەبێ و بە یاساش ڕێك بخرێ ، بۆ نەهێشتنی پێشێلکاری لە شوێنەکانی گرتن و گواستنەوەو چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان و بەندینخانەی تایبەت و نهێنیەکان پێویستی بە جورئەت و شەفافی و وەرگرتنی زانیاری دروست و سەردانی ڕاستەوخۆ هەیە ، ئەمە لە قازانجی دەسەڵاتە نەك زیان بە سومعەی حکومەت بگەیەنێ و سیستەمی حکومڕانی پێ لەکەدار بکرێ ،.بۆ ئەوەی ڕێگە لە پێشێلکاری بگیرێ ، پێویستە پەرلەمان بەتایبەتی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەکانی پەیوەندیدار ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ کە لێرەدا ئەم پێشنیارانە دەخەینە بەردەست ، بە ڕەچاوکردنی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی زیندانیان بەتایبەتی :

گرتن و زیندانی فەلسەفەی خۆی هەیە کە لە عیراقدا
بە یاسای ژمارە 104 ساڵی 1981دانراوە

یەکەم: بۆ ڕێکە گرتن لە تاوان

دووەم : بۆچاکسازی و ئامادەکردنەوەی بە شێوەیەکی سوودبەخش و گەرانەوەی بۆ نێوکۆمەڵ

بۆ جێبەجێ کردنی ئەو فەلسەفەیە پێویست بەدەرکردنی یاسا بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ بە تایبەتی زیندانی واتە بە یاسا ڕێکبخرێ لەرووی ئەرك و مافی بەندکراو حکومدراو.

* بەدووا داچوون هەبێ لە سەرفایلی هەرگیراو زیندانیەك
* ئەگەر تاوانی ئاراستەکراو بە پیی یاسانەبوو لێکۆڵینەوەی لێ بکرێ
* درەنگ ئیحالەکردنی بەندکراو بۆ دادگا کەجاری واهەیە چەندین مانگ و ساڵیش دەخایەنێ

* جیاکردنەوەی زیندانیان لە رووی تەمەن و ڕەگەزو جۆری تاوان وەك ئەوەی ئێستا هەیە بەڵام پێویستی بە ڕێکخستنی باشتر هەیە وەك گرتن و گواستنەوە ، چاکسازی پیاوان و ژنان ، نەوجەوانان و دەروونی

* هەبوونی پارێزەر و قەدەغەنەکردنی سەردان (مواجهە)

* بوونی بنکەی تەندروستی سەرپەرشتی خواردن و پاك و خاوێنی بکات.

* مافی خوێندن (کردنەوەی قووتابخانە)

* سود وەرگرتن لە زانایانی ئیسلامی وەکو ئامۆژگاری کاری چاکسازی

* مافی وەرزش

* کتێبخانە

* کردنەوەی خولی فێرکردنی پیشەو کاری دەستی و زمان .

* مۆڵەت دان بە حوکمدراوان .

* ماوەدان بۆ گەیشتنی ژن و مێردایەتی.

* بۆ نەجەوانان بردنیان بۆ پارك و شاری یاری و مۆزەخانەکان.

* ماوەدان بە حوکمدراوان بە دەرکردنی گۆڤارێك .

* بەستنی کۆرو سیمینار لەلایەن ئیدارەو هەندێ جاریش گیراوەکان .

* ڕێکخستنی ڤیستیڤاڵی ساڵانە بۆ حوکمدراوان بە ئامادەبوونی کەس و کاریان و ڕێکخراوەکان .

* هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکان

* بوونی محجر بە شێوەیەکی شیاو و دروست بۆ کاتێکی دیاریکراو بۆ ئامانجێکی دیاریش

* سەرپەرشتیاران و کارمەندان لەسەر بنەمای زانستی ڕابهێنرێ و دابنرێ.

أ. پلەی خوێندن لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێ .

ب. دەرچووی خولی تایبەت بێ لە ناوەوەو دەرەوە

ت. مووچەو پاداشتی باشیان بۆ تەرخان بکرێ

پ. کارمەندان ناونیشانی وەزیفیان چاکسازی بێ وەك / سجان (پاسەوان) ، رەقیب (اصلاحی) مامور (مأمور اصلاحی) توێژەری کۆمەڵایەتی (باحس اجماعی)

* لێکۆلینەوە لەسەر ئەدلە و دانپێدانی ئازاد بکرێ و بەزوویی لە گیراو و زیندانی بپێچرێتەوە.

* حوکمەکان بە گوێرەی گەورەو بجووکی تاوانەکان بدرێ بە تایبەتی بۆ نەوجەوانان .

* بەپێ ی یاسای اصولی محاکەمات ئەگەر ژن و مێرد پێکەوە حوکمدران بەهەر ماددەیەك بێ و مندالی بجووکیان هەبێ دەبێ یەکێکیان ئازاد بکرێ تاکوو ئەوی تر حوکمی خۆی تەواو دەکات.

ئەم خاڵانەی سەرەوە بۆ دروست کردنی متمانە دەبێ لە نێوان دەزگاکانی پەیوەندیدارو ڕێگەگرتن لە پێشێلکاری و کەمکردنەوەی رەفتاری نابەجێ و بەشێکیشە لە پەیڕەوکردنی مافی مرۆڤ.

یەکیتی پەرلەنلنتارانی کوردستان

2009 / 11 / 17

ڕاپۆرتەکان

یەکەم : **ڕاپۆرت لە سەر چاودێری تازەکردنەوەی ناوی دەنگدەران**

ژمارە: 65 **بەروار: 2009/6/14**

بۆ/ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان/ دەستەی هەرێم بەرێز

ب/ ڕاپۆرتی ژمارە (1)

بەمەبەستی چاودێری کردنی بنکەکانی تۆمار کردنی ناوی دەنگدەران لە سنوری هەر سێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلیمانی کە لە رۆژی 2009/5/25 وە تا 2009/6/10 بەردەوامی هەبوو ، دەست بە کاری چاودێری لەلایەن چاودێرانی تۆمارکراوی سەر بە یەکیتی پەرلەمانتاران کراوە .

پاش وەرگرتنی زانیاریەکان لەرێگای ماڵپەری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ نوێنەرانی ئۆفیسی هەولێر بە تایبەتی بەرێز (زەردەشت محمد حسن و بشوار سعید) چەند گروپێکمان پێك هێنا لە سنوری هەر سێ پارێزگا ، چاودێرەکان سەردانی زۆربەی بنکەکانیان کردووە ، فۆرمێکی تایبەتی کە لە لایەن دەستەی باڵاوە ئامادەکرابو ، بۆ هەر سەردانێك ئەو فۆرمە پرکراوەتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەوکارە بەباشی بەرێوە چووە ، وەکو بەدیار کەوت هاوڵاتیان لە زۆر شوێن بەباشی سەردانی بنکەکانیان کردووە ، کارێکی زۆر باش بوو کە ماوەی (2) دوو رۆژ درێژ کرایەوە ، بەرای ئێمە ئەو درێژکردنەوەیە زیاتر بوایە چونکە زۆر کەس هەن تا ئێستا سەردانیان نەکردووە. وا لە خوارەوە سەرنج و تێبینیەکانی چاودێرانمان لە هەر پارێزگایەك بە جیا دەخەینە روو ، بەو هیوایەی سودیان هەبێت .

پارێزگای / هەولێر

هەندێ لە لێپرسراوانی بنکەکان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی کاری خۆیان نەبوون و چەند تێبینیەك هەبوە بەرامبەریان بەتایبەتی لە رووی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ هاوڵاتیان و چاودێران. بەو هیوایەی پێداچوونەوەیەك لەم بارەیەوە بکرێت لەگەڵ پێدانی ئامۆژگاری تەواو . ئەوانەش ئەمانە بوون.

1– لێپرسراوی قوتابخانەی هەنگاوی بنەرەتی ژمارە / 202

2– لێپرسراوی قوتابخانەی ئەزمەری بنەرەتی ژمارە / 220

3 – لە رووی شوێن و جێگای بنکەکان بە شێوەی گشتی باش بوو. جگە لە شوێنی بنکەی (216) قوتابخانەی هەردی بنەرەتی کچان لە کۆمەڵگای بنەسلاوە. لە رووی دووری لە ناوەندی کۆمەڵگاکە و نەبونی خزمەتگوزاریەکان وەکو ئاو و شوێنی کار کردن. هەروەها تەسکی شوێنی بنکەی (223) لە ناحیەی حریر.

4 – بنکەی 229 / رواندز ، کێشەی هەردوو دۆڵی (ئاکۆیان و خانەقا) یان هەبوو ، لەبەر دووری و سەختی ناوچەکەیان ، پێویستە تیبینی ئەم گرفتە بکرێ چ بۆ ئیستا و چ بۆ کاتی دەنگدان .

5 – بنکەی 230 / چۆمان ، هەمان کێشەی بنکەی 229 ی هەیە بەهۆی بەربلاوی سنورەکەیان

6 – ژمارەی ئەو بنکانەی بەسەر کراونەتەوە :

200 / دوو جار . 201 / سێ جار . 202 / سێ جار . 203 / دوو جار . 204 / دوو جار

205 / دوو جار . 206 / سێ جار . 207 / دوو جار . 208 / یەك جار . 209 / یەك جار

210 / یەك جار . 211 / دوو جار . 212 / دوو جار . 213 / یەك جار . 214 / یەك جار

215 / یەك جار . 216 / یەك جار . 217 / یەك جار . 219 / یەك جار . 220 / یەك جار

221 / یەك جار . 222 / یەك جار . 223 / یەك جار . 224 / یەك جار . 225 / یەك جار

226 / یەك جار . 227 / یەك جار . 228 / یەك جار . 229 / یەك جار . 230 / یەك جار .

پارێزگای دهۆك

چاودێرانمان له سنوری پارێزگای دهۆك ، خۆیان دابەش کردوه بەسەر بنکەکانی تۆمار کردنی ناوی دەنگدەران ، به پیی راپۆرتی لقی دهۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان ، پرۆسەکه زۆر به رێکو پێکی بەرێوه چووه ، به تایبەتی پاش 2009/6/1 ، لێپرسراوانی بنکەکان رەفتاریان لەگەڵ چاودێران و هاوولاتیاندا زۆر باش بووه ، هیچ تێبینیەك تۆمار نەکراوه ، وا له خوارەوه ژمارەی ئەو بنکانەی بەسەر کراونەتەوه دەخینه روو :

231 / دوو جار . 232 / یەك جار . 233 / یەك جار . 234 / دوو جار . 236 / یەك جار

237 / یەك جار . 238 / یەك جار . 239 / یەك جار . 240 / یەك جار . 242 / یەك جار

پارێزگای سلیمانی

چاودێرانمان لە سنوری پارێزگاری سلیمانی بە ناوچەی گەرمیانیشەوە ، لە راپۆرتی لقی ئەو پارێزگایەدا هاتوو :

1 – بە شێوەیەکی گشتی سەردانی زۆربەی بنکەکانیان لە سنوری خۆیاندا کردووە .

2 – پرۆسەکە بەباشی ئەنجام دراوە و ئاسایش و هێمنی و کارئاسانی بۆ هاوولاتیان بەدی دەکرا .

3 – پێشنیار دەکەن بۆ زیاتر کار ئاسانی و راپەراندنی ئیش و کاری هاوولاتیان ئامێری کۆمپیوتەر بەکار بهێنرێت لە داهاتودا

4 – ژمارەی ئەو بنکانە دیاری دەکەین کە سەر دانیان کراوە :

261 / 262 / 263 / 264 / 265 / 266 / 267 / 268 / 269 / 270 / 272 / 273 / 274 / 275 / 277 / 278 / 279 / 280 / 281 / 283 / 284 / 290 / 291 / 294 / بۆ هەر یەکەو یەك جار .

لەگەڵ رێزدا

حمه عەلی توفیق میرزا

سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

دووەم : راپۆرتی چاودێری رۆژانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم

بۆ / کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق / دەستەی هەرێم بەرێز

ب / راپۆرت ژمارە / 2

دوا بەدوای نوسراومان ژمارە/ 65 لە 14 / 6/ 2009

وا بەم راپۆرتە لە ئاکامی کاری چاودێرانی سەر بە یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان کە بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم دا کردوە لە هەڵبژاردنی تایبەت و گشتیدا لە رۆژانی 23 و 25 / 7 / 2009 ، دەنێرین بۆ بەرێزتان بەو هیوایەی سود لە تێبینی و راکانمان وەرگیرێ ، هەرچەندە بۆ یەکەمین جارە رێکخراوەکەمان بەشداری لەم جۆرە پرۆسەیەدا دەکات بۆیە دەکرێ هەندێ کەموکوری تێدابێت ، زانیاریەکانمان لە رێگای ئەو فۆرمە تایبەتیەوە بوو کە ئامادە کراوە لەلایەن رێکخراوەکەمانەوە و دابەش کراوە لەسەر چاودێرانمان لە سنوری هەرسێ پارێزگای ، هەولێر و سلیمانی و دهۆك .

یەکەم : سەرنجە گشتیەکان :

1 – پرۆسەکە بە شێوەیەکی گشتی لە کەشێکی ئارام و هیمنیدا بەرێوە چوو ، بە واتا ئازادانە هاوولاتیان توانیان دەنگی خۆیان بدەن .

2 – وەرزی پرۆسەکە لە کاتێکی کەشوهەوای گەرمدا بەرێوە چوو .

3 – ئامادەکاری تەواو لە دابینکردنی پێداویستیەکانی بنکەکانی دەنگداندا کەموکوری هەبوو ، وەکو ئامێری فینککەرەوە و ئاوی سارد و نەبونی کارەبا لە هەندێ شوێن .

4 – هەڵمەتی پاراستنی باری ئاسایش لە گشت بنکە و شار و شارۆچکەکان بە رێکوپێکی وەرگیرابوو .

5 – پرۆسەی دەنگدان کە لە کاتژمێر (8) ی بەیانی رۆژی 2009/7/25 وە دەستی پێکرد تا کاتژمێر (5) ی ئێوارە زۆر بەباشی و ئارامی بەرێوە چوو ، هەرچەندە هەندێ کەموکوری بەدیار کەوتوون لە نەبونی ناوی دەنگدەران و بەم هۆیەوە هەندێ ئاڵۆزی پەیدا بوون بەتایبەتی پاش زیاد کردنی کاتژمێرێکە .

6 – رێنوێنی و کارەکانی دیاری کراو لەلایەن کۆمسیۆنەوە لە گشت بنکەکان بە شێوەیەکی باش و گونجاو بەرێوە چوون .

دووەم : کەموکوریەکان :

1 – لە نێوان سەردانی دەنگدەراندا بۆ بنکەکان ، هەندێ کەموکوری لە نەبوونی ناوەکان بەدیار کەوتن ، لەوانە :

أ – ناوی دەنگدەر لە لیستەکانەدا هەبووە و ناوی لە تۆمارەکانی وێزگەکاندا نەبووە .

ب – هەندێ خێزان ناوی کەسێك یا دووکەسیان لەگەڵ خۆیان دیار نەبوو .

ج – ناوی چەندین خێزان بە تەواوەتی نەگەرابونەوە .

د – بونی دیاردەی 2 زەرف لە دەنگدانی نەخۆشخانەکان هەندێك کێشەی بۆ دەنگدەران دروست کردبوو ، دەبو پێشتر ئەوکارە ئاگاداری نوێنەرانی کیانەکان بکرایە .

هـ – لە کاتی کردنەوەی صندوقی دەنگدانی نەخۆشخانەی لەدایك بوون ژمارە 201025 دا ئاگادار کراین کە نوێنەرایەتی کیانەکان بە گشتی ئامادە نەبوون جگە لە نوێنەرانی کوردستانی و رێکخراوی تەموز نەبی بەهۆکاری ئەوەی زانیاریان لەسەر ئەو شوێنە نەبوو.

و – لیستی ناوەکان لە هەمان بنکەی سەرەوە (هـ) لە هەرسێ وێزگەی ئەو بنکەیە دووبارە بونەوە هەبووە ، ئەوە شك و گومانی بۆ چاودێران دروست کردووە .

ز – لە هەندێ بنکەدا کاری دەنگدان پاش کاتژمێر هەشتی بەیانی دواکەوتووە ، ئەوەش بوەتە مایەی نارازی بوونی هاوولاتیان ، نمونەی یەکی لەو بنکانە لە هەولێر بە ژمارە / 209019 بوە .

ح – وەکو پێویست لە بنکەکان رێنمایی بەکار هێنانی سرینی پەنجەی دەست پێش مۆرکردنی بە کلێنکس جێبەجێ نەکراوە .

2 – کێشەی فۆرمی 111 ی کۆمسیۆن کە تایبەت بو بە رێکخستنی باری چەندین خێزان لە گواستنەوە لە بنکەیەك بۆ بنکەیەکی تر یا لە گەرەکیك بۆ گەرەگێکی تر یا لە شارێك بۆ شارێکی تر دروست کرابوو بۆ چەندین خێزان ، لەکاتی سەردانی ئەوانە بۆ بنکەکانیان فورمەکان رەد دەکرانەوە و ئەمەش کێشەیەك بوو هاتە ئاراوە .

3 – بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنەکان پشتی بە ئاماری خۆراك بەستبوو کە لە وەزارەتی بازرگانی عیراقەوە وەرگیرابوو هی ساڵی 2007 ، لەم ئامارەدا چەندین ناوی ئەوانەی سنوری ناوچە دابراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەبوون و لەبەر ئاگادار نەبونیان نەیانتوتنیوە دەنگ بدەن .

4 – لە کاتژمێرەکانی کۆتای کاتی هەڵبژاردن ، بەتایبەتی کاتژمێری زیاد کراو ، بەهۆی کۆبونەوەی ئەوانەی دەنگیان نەدابوو هەندێ ئاڵوزی دروست بوو لە هەندێ بنکەدا ، دەربرینی نارەزای لەلایەن زۆربەی لایەنە بەشداربوەکانی هەڵبژاردن لە زیاد کردنی کاتەکە زیاتر ئاڵۆزتر بوو ، دەنگۆی بەشداری کەسانی تر بۆ دەنگدان سەری هەڵدا ، ئەم کارە بەهەر جۆرێك روویدابێ جێگای نیگەرانی گشت لایەك بوو

سێ یەم : پێشنیارەکان :

1 – کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە راپەراندنی ئەرکەکانی خۆی و ئەو رێنمایانەی دیاری کردبوو تا ئەندازەیەکی باش بەرێوە چوون ، باشتر لە هەمویان جیاکردنەوەی سندوقەکان بوون و هەریەکەی بۆ وێزگەیەك و دیاری کردنی ژمارەی تایبەتی بەپێ لیستی تایبەتی خۆی ، ئەم کارە زیاتر رێگای لە دەست تێوەردان و زیادەرەوی گرتبوو ، پێویستە ئەم کارە زیاتر گرنگی پێ بدرێت .

2 – بابەتی ناوی دەنگدەران پێویستی بە ئامارێکی باشتر و شیاوتر لە ئاماری فۆرمەکانی خۆراك هەیە چونکە فۆرمەکانی خۆراك زۆر ناتەواون و کێشە بۆ کۆمسیۆن و هاوولاتی و لایەنەکانی بەشدابووی هەڵبژاردن دروست دەکات ، وەکو ئەوەی لەم پرۆسەیەدا روویدا .

3 – وەرز و کاتەکانی هەڵبژاردن هەڵسەنگێنری و کاتێکی وا دیاری بکرێت کە بەئاسانی بەرێوە بچێت ، وەرزی هاوین لەم وولاتەدا بە شیاو نازانرێت بۆ ئەم جۆرە کارانە .

4 – پێشنیارمان وایە کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکان لە کاتەکانی بێکاریان یا سەرقاڵ نەبوونیان ، چەندین خولی بەهێز کردن بۆ ئەندامان و کادیرانی رێکخراوە نا حکومیەکان بکەنەوە بە مەبەستی شارەزا بوون لە کاری چاودێری و بەرێوەبردنی ئەرکەکانی پرۆسەکە ، چونکە لەم پرۆسەیەدا چاودێر هەبوو نەیدەزانی ئەرکەکانی چییە و زۆرجار لەبریتی کاری خۆی دەبوە نوێنەری کیانێك .

5 – دۆزینەوەی میکانیزمێکی باشتر و گونجاوتر بدۆزرێتەوە بۆ کاری جیاکردنەوەی دەنگەکان و سەرژمێری کردنی بە مەبەستی دڵنایی زیاتری گشت لایەك .

چوارەم : شوین و ژمارەی ئەو بنکەکانەی کە چاودێرامان سەردانیان کردوون لە هەر سیێ پارێزگای / هەولێر و سلیمانی و دهۆك :

1 – سنوری پارێزگای هەولێر.

ڕۆژی 23 / 7 / 2009

ژمارە	شوێن	ناوی بنکە	ژمارەی بنکە	سەردان
.1	هەولێر	نەخۆشخانەی ڕزگاری	202027	3
.2	هەولێر	نەخۆشخانەی لەدایك بوون	201025	3
.3	هەولێر	اعدادیە احمد خانی	205011	1
.4	هەولێر	قوتابخانەی مەم	206016	1
.5	هەولێر	قوتابخانەی بارزانی نەمر	206013	1
.6	هەولێر	سجن محگە	209020	1
.7	هەولێر	نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی	201026	1

ژمارە	شوێن	ناوی بنکە	ژمارەی بنکە	سەردان
8.	هەولێر	قوتابخانەی ناوەندی فریشتە	204010	1
9.	هەولێر	قوتابخانەی خابوری تێکەڵاو	203019	1
10.	هەولێر	قوتابخانەی سەرچنار/ 1	203040	1
11.	هەولێر	قوتابخانەی سەرچنار/ 2	203020	1
12.	هەولێر	قوتابخانەی خابوری بنەرەتی	203019	1
13.	هەولێر	قوتابخانەیکامەرانی بنەرەتی/ 1	209001	1
14.	هەولێر	قوتابخانەی بەهاری کچان	204005	1
15.	هەولێر	قوتابخانەی کامەرانی بنەرەتی/1	209002	1
16.	هەولێر	قوتابخانەی ئیسکانی بنەرەتی/2	202017	1
17.	هەولێر	قوتابخانەی کۆدۆی بنەرەتی	202011	2
18.	هەولێر	دوا ناوەندی گەل / 1	203017	1
19.	هەولێر	دوا ناوەندی گەل /2	203018	1
20.	هەولێر	دواناوەندە مەریوانی کوران	203024	1
21.	هەولێر	قوتابخانەی سەرچنار/ 1 هاوریێ	203020	1
22.	هەولێر	قوتابخانەی سەرچنار/ 2 هاوریێ	203021	1
23.	هەولێر	قوتابخانەی قدم خێری بنەرەتی	204011	1
24.	هەولێر	قوتابخانەی ملا ئەفندی بنەرەتی	203022	1

25.	هەولێر	قوتابخانەی دواناوەندی ئاراسی کچان	204012	1
26.	هەولێر	قوتابخانەی زۆزکی نمونەیی	202021	1
27.	هەولێر	قوتابخانەی قازی محمد	202005	1
28.	هەولێر	قوتابخانەی رەنج	202004	2
29.	هەولێر	قوتابخانەی بتوێنی نمونەیی	204007	1
30.	هەولێر	قوتابخانەی شنگالی نمونەیی	204008	1
31.	هەولێر	قوتابخانەی ئازادی کچان	206003	1
32.	هەولێر	قوتابخانەی بارش ئازادی	206005	1
33.	هەولێر	قوتابخانەی پێشەوا	206002	1
34.	هەولێر	قوتابخانەی شەفەق/ کوران	207001	1
35.	هەولێر	قوتابخانەی شەهیدانی بنەڕەتی	210006	1
36.	هەولێر	قوتابخانەی هەنگاوی بنەڕەتی	202007	1
37.	هەولێر	قوتابخانەی هەڵوێستی بنەڕەتی	202009	1
38.	هەولێر	قوتابخانەی دیاری بنەڕەتی	200017	1
39.	هەولێر	قوتابخانەی شێخی چۆلی	209019	1
40.	هەولێر	قوتابخانەی زمناکۆ	206006	1
41.	حریر	قوتابخانەی حریری بنەڕەتی	223014	1
42.	حریر	قوتابخانەی چالاکی بنەڕەتی	223013	1
43.	خلیفان	قوتابخانەی زارگەلی	224002	1
44.	سۆران	باخچەی ساوایانی وێلان	226008	1

45.	سۆران	بەرزێوە قوتابخانەی زێوەی بنەڕەتی	229005	1
46.	رواندوز	قوتابخانەی مژدە	229005	1
47.	رواندوز	قوتابخانەی پاشای گەورە	229001	1
48.	بەستۆرە	باخچەی ساوایانی بەستۆرە	220011	1
49.	کۆیە	قوتابخانەیئەختەر	217006	2
50.	کۆیە	قوتابخانەی هەرمۆتە	217020	2
51.	کۆیە	قوتابخانەی حاجی قادری بنەرەتی	217002	2
52.	کۆیە	قوتابخانەی ئامادەیی کۆیەی کوڕان	217019	2
53.	شۆڕش	قوتابخانەی دیبەگە	217031	2
54.	کەسنەزان	قوتابخانەی کەسنەزانی بنەرەتی	216005	2
55.	بنەسلاۆە	قوتابخانەی بنەسلاۆە	20001	1
56.	دەشتی هەولێر	قوتابخانەی ناوەندی دەشتی هەولێر	216001	1
57.	شەقلاۆە	قوتابخانەی قەلای دم دم ی تێکەلاۆ	222003	1
58.	پیرمام	قوتابخانەی صلاح الدین	221004	1
59.	کۆرێ	قوتابخانەی شێرە سواری تێکەلاۆ	221011	1
60.	پیرزین	قوتابخانەی ئەزمەر	220001	1
61.	شاوێس	قوتابخانەی دواناوەندی بزوینی ئێواران تێکەلاۆ	220010	1
62.	ملا ئۆمەر	قوتابخانەی دواناوەندی ملا ئۆمەر	220004	1
63.	قوشتەپە	قوتابخانەی دواناوەندی ژیانەوەی کوڕان	215001	1
64.	قوشتەپە	قوتابخانەی بەیانی تێکەلاۆ	215002	1

.65	قوشتەپە	قوتابخانەی دێدەوان	215004	1
.66	کانی قرژاڵە	قوتابخانەی چارەنووس	213017	1
.67	خەبات	قوتابخانەی ڕێبەری بنەرەتی	214001	1
.68	خەبات	قوتابخانەی زێ ی گەورە	214012	1
.69	خەبات	قوتابخانەی ئاڤێستا	214014	1
.70	چالوك	قوتابخانەی باوان	214011	1
.71	عەنکاوە	قوتابخانەی صامورای نمونەیی	212002	1
.72	بەحرکە	قوتابخانەی هاوچەرخی بەحرکە	213001	1
.73	عەنکاوە	قوتابخانەی حدیابی بنەرەتی	212001	2
.74	عەنکاوە	قوتابخانەی دەستور	212007	1
.75	عەنکاوە	قوتابخانەی یزدن داندخت ی سەرەتایی	212004	1
.76	عەنکاوە	قوتابخانەی عەنکاوەی سەرەتایی	212003	1
.77	عەنکاوە	قوتابخانەی عشتاری بنەڕەتی	212006	1
.78	عەنکاوە	قوتابخانەی ئامادەیی عەنکاوەی کوڕان	212005	1
.79	بەحرکە	قوتابخانەی دواناوەندی بەحرکەی کچان	213010	1

2 – سنوری پارێزگای سلێمانی :

ڕۆژی 23 / 7 / 2009

	شوێن	ناوی بنکە	ژمارەی بنکە	سەردان
.80	سلێمانی	ناوەندی پیرەمێرد	264021	1

.81	سلێمانی	ناوەندی کاژاو	263019	1
.82	سلێمانی	دواناوەندی کاژاو	263010	1
.83	سلێمانی	بنکەی گرتن و گواستنەوە	_____	1

ڕۆژی 25/ 7 / 2009

	شوێن	ناوی بنکە	ژمارەی بنکە	سەردان
.84	سلێمانی	ئامادەیی ڕەنگین	265014	1
.85	سلێمانی	قوتابخانەی سۆران	291003	1
.86	سلێمانی	ئامادەیی ژین	266002	1
.87	سلێمانی	قوتابخانەی مهابادی کچان	_____	1
.88	سلێمانی	قوتابخانەی قدم خێر	265009	1
.89	سلێمانی	دواناوەندی ڕەنگینی نمونەیی	_____	1
.90	سلێمانی	ناوەندی کاژاو	263010	1
.91	سلێمانی	پیرەمێردی ئامادەیی	264014	1
.92	سلێمانی/ چوارتا	مدرسە شارباژێری ئیسلامی	290001	1
.93	سلێمانی/چەمچەمال	قوتابخانەی رەنگین	279010	1
.94	سلێمانی/چەمچەمال	باخچەی دایان	279005	1
.95	سلێمانی/چەمچەمال	قوتابخانەی حسار	279003	1
.96	سلێمانی/چەمچەمال	ناوەندی چەمی ڕێزان	279009	1
.97	سلێمانی/چەمچەمال	ناوەندی چەمچەمال	279008	1

.98	سلێمانی/چەمچەمال	ناوەندی میدیا	279006	1
.99	سلێمانی/چەمچەمال	ئەختەری بنەرەتی	279004	1
.100	سلێمانی/شۆڕش	شێخ رەزای تاڵەبانی	280007	1
.101	سلێمانی/شۆڕش	پێشەوای بنەڕەتی	280001	1
.102	سلێمانی/ تەکیە	ناوەندی تەکیە	294004	1
.103	سلێمانی/ تەکیە	ناوەندی بۆتان	294001	1
.104	سلێمانی/ تەکیە	ناوەندی دابان	294002	1
.105	سلێمانی/ تەکیە	قوتابخانەی بەدرخان	294006	1
.106	سلێمانی/گردباریکە	قوتابخانەی ناوشاخان	272003	1
.107	سلێمانی/ وارماوا	قوتابخانەی کاروان	273004	1
.108	سلێمانی/ شارەزوور	قوتابخانەی احمد مختار	273010	1
.109	سلێمانی/ شارەزوور	قوتابخانەی شارەزوور	273005	1
.110	سلێمانی/ عەربەت	قوتابخانەی عەربەت ی بنەرەتی	271002	1
.111	سلێمانی/ سیدصادق	ناوەندی سید صادق	211023	1

3 – سنوری پارێزگای دهۆك :

رۆژی 23 / 7 / 2009

	شوێن	ناوی بنکە	ژمارەی بنکە	سەردان
112.	دهۆك	قوتابخانەی میدیا	233013	1
113.	دهۆك	نەخۆشخانەی ئازادی	232017	1
114.	دهۆك	بەندەی زرکا	234017	1
115.	ئاکرێ	نەخۆشخانەی ئاکرێ	242013	1
116.	ئاکرێ	قوتابخانەی ژین	242015	1
117.	ئاکرێ	قوتابخانەی گولان	242014	1
118.	زاخۆ	قوتابخانەی ڕامانی سەرەتایی	238015	3
119.	زاخۆ	نەخۆشخانەی زاخۆ	_____	3

.120	زاخۆ	قوتابخانەی دیربین	_____	1
.121	زاخۆ/ ابراهیم خلیل	قوتابخانەی روناهی	239016	1
.122	زاخۆ/ دەرکار	ناحیەی دەرکار	240016	1
.123	زاخۆ/ باگوفە	ناحیەی باگوفە	240015	1

رۆژی 25 / 7 / 2009

	شوێن	ناوی بنکە	ژمارەی بنکە	سەردان
.124	دهۆك	ئامادەیی دهۆکی کچان	234006	1
.125	دهۆك	قوتابخانەی(11)ی ئەیلول	234060	1
.126	دهۆك	قوتابخانەی برایەتی	233005	1
.127	دهۆك	قوتابخانەی بەرۆشکێ	231010	1
.128	دهۆك	قوتابخانەی هندرێن	232003	1
.129	دهۆك	ئامادەیی دهۆك	234008	1
.130	دهۆك/ سیمێل	ئامادەیی کومات	236002	1
.131	دهۆك/ سیمێل	قوتابخانەی داستان	236003	1
.132	دهۆك/ سیمێل	ئامادەیی شاریا	236015	1
.133	دهۆك/ سیمێل	قوتابخانەی شاریا	236014	1
.134	دهۆك/ ئاکرێ	قوتابخانەی ژین	242013	1
.135	دهۆك/ ئاکرێ	قوتابخانەی گولان	242001	1
.136	دهۆك/ ئاکرێ	قوتابخانەی فەقێ ی تەیران	242002	1

.137	دهۆك/ ئاكرێ	قوتابخانەی چوار چرا	242005	1
.138	دهۆك/ ئاكرێ	قوتابخانەی ملای جزیری	242012	1
.139	دهۆك/ ئاكرێ	ئامادەیی بارزانی كوڕان	242008	1
.140	دهۆك/ ئاكرێ	قوتابخانەی گەلی كچان	242007	1
.141	دهۆك/ ئاكرێ	قوتابخانەی ئاكرێ ی بنەرەتی	242010	1
.142	دهۆك/ ئاكرێ	قوتابخانەی سیپەی سەرەتایی	242009	1
.143	دهۆك/ ئاكرێ	قوتابخانەی بەختیاری	242003	1
.144	دهۆك/ ئاكرێ	قوتابخانەی سەروەری	242011	1
.145	دهۆك/ زاخۆ	دواناوەندی ژیانی كچان	239003	1
.146	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی جوان	_____	1
.147	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی بەهاری بنەرەتی	_____	1
.148	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی (8)ی شوبات	238008	2
.149	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی دێربوونی بنەڕەتی	239014	2
.150	دهۆك/ زاخۆ	ئامادەیی بیرصفی	240005	1
.151	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی بارزانی سەرەتایی	_____	1
.152	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی ژینی تێكەلاو	239001	1
.153	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی تێكەلاوی باگوف	_____	1
.154	دهۆك/ زاخۆ	ئامادەیی دەركار	240004	1
.155	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی رزگاری	238004	1
.156	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی خواكورك	240001	1

.157	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی جوری بنەرەتی	240014	1
.158	دهۆك/ زاخۆ	ئامادەیی بازرگانی	238014	1
.159	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی ئەحمەدی خانی سەرەتایی	239005	1
.160	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی دیربون	239006	1
.161	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی دیربون	239010	1
.162	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی روناهی	239015	1
.163	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی زاگرۆس	238001	1
.164	دهۆك/ زاخۆ	ئامادەیی تێکەڵاوی باگوف	240002	1
.165	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی پێشکەوتن	239012	1
.166	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی نەورۆز	239009	2
.167	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی شۆرش	238011	1
.168	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی خابور	238006	1
.169	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی خەبات	239011	1
.170	دهۆك/ زاخۆ	ئامادەیی زاخۆی کوڕان	239002	1
.171	دهۆك/ زاخۆ	قوتابخانەی دێرەلوك	234004	1

حمه علی توفیق میرزا

سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

سێ یەم : راپۆرتی ژماری / 3

بۆ/ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق/ دەستەی هەرێمی کوردستان.

ب/ ڕاپۆرت

وا لەگەڵ نوسراوماندا ڕاپۆرتێك دەربارەی کاری چاودێری پرۆسەی تازە کردنەوەی ناوی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەرێمی کوردستان کە لەبەرواری 8/20 تا 2009/9/30 بەردەوامی هەبوو لەلایەن چاودێرانی سەر بە رێکخراوەکەمان لەهەر سێ پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك. بۆ بەرێزتان دەنێرین. بەو هیوایەی سوودی هەبێت.

لەگەڵ رێزدا

حەمەعەلی تۆفیق میرزا

سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ڕاپۆرت

چاودێرانی ڕێکخراوەکەمان بە مەبەستی چاودێری کردنی پرۆسەی تازە کردنەوەی ناوی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەلە 2009/8/22 کرایەوە هەتا 2009/9/30 بەردەوامی هەبوو. سەردانی چەندین بنکەیان لە زۆربەی ناوچەکانی سنووری هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك کردوە. لە ئاکامی ئەو سەردانانەدا چەندین تێبینیمان تۆمار کردووە و بە هۆی ئەو فۆرمە تایبەتی یەوە کە بۆیان ئامادە کراوە و دراوەتەوە بەشی هەڵبژاردنەکان لە دەستەی باڵا. وا لەخوارەوە ئەو سەرنج و تێبینیانە دەخەینە بەر چاو، هەروەها دیاری کردنی ئەو شوێن و جێگایانەی کە سەردانیان کراوە.

یەکەم سەرنج و تێبینیەکان:

1- بەشێوەیەکی گشتی سەردانی دەنگدەران بۆ بنکەکانی تازە کردنەوەی تۆماری دەنگدەر کەم بووە. ئەوش بەهۆی:.

أ. دابەش کردنی کارتی زانیاری هاولاتیان بەسەر گشت خێزانەکاندا لە ڕێگای نوێنەرانی کۆمسیۆن و بریکاری دابەش کردنی خۆراکەوە. کارێکی ئاسانکاری بوو بۆ زانینی زانیاری هاوولاتی.

ب. زیاد بوونی ژمارەی بنکەکان لە گشت شار و شارۆچکەکان.

ج. پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کە ئەمساڵ بەرێوەچوو هۆکارێکی تری ئەرێنی بوو بۆ زانیاری هاوولاتیان لە شوێن و جێگای دەنگدانی.

د. کارتی زانیاری لە زۆر شوێن لای بریکارەکان ماونەتەوەو خاوەنەکانیان سەردانیان نەکردووە بۆ وەرگرتنەوەیان.

2- بەمەبەستی گواستنەوەی ناوی دەنگدەران لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر هاوولاتیان هەولیان داوە کە شوێنی خۆیان لەو جێگایەی ویستویانە بیچەسپێنن بەهۆی فۆرمی ژمارە (222) کە لەجێگای فۆرمی (111) دانراوە.

3- پێویست بوو ڕاگەیاندن زیاتر کاری بۆ هوشیار کردنەوەی هاوولاتی بکردایە لەگەڵ ئەوەی هەندێ ریکلامی باشی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەبوو. بەڵام لایەنەکانی بەشدار بووی پرۆسەی هەڵبژاردن لەم پرسەدا کەمتەر دەوریان بەدیار دەکەوت.

4- چاودێرانی ڕێکخراوەکان و نوێنەرانی کیانەکان زۆر بەکەمی لە بنکەکاندا بوون.

دووەم:. شوێن و ژمارەی ئەو بنکانەی سەردانیان کراوە.

1. پارێزگای هەولێر

ناوی بنکە	ژمارەی بنکە	شوێن
قوتابخانەی قەدری جان ی بنەرەتی	1221	هەولێر/ پیرمام
قوتابخانەی نێرگزی بنەرەتی	1222	هەولێر/ شقلاوە
قوتابخانەی ناوەندی جمهوری	1210	هەولێر/ خانزاد
قوتابخانەی ئامادەیی ئانالیندەی کچان	1201 (4 جار)	هەولێر/ شۆرش
قوتابخانەی قازی محمد ی بنەرەتی	2202 (3جار)	هەولێر/ برایەتی
قوتابخانەی دیاری بنەرەتی	1200 (2جار)	هەولێر/ ڕاپەرین
قوتابخانەی هەنگاوی بنەرەتی	1202	هەولێر/ ڕاپەرین
قوتابخانەی دەرسیم	3101	هەولێر
قوتابخانەی خانەقینی بنەرەتی	2201 (3جار)	هەولێر
قوتابخانەی بزاڤی بنەرەتی	2203	هەولێر/ باداوە
قوتابخانەی ئامانجی بنەرەتی	1209	هەولێر/ باداوە
قوتابخانەی ساوایانی کۆیە	2217	هەولێر/ کۆیە
قوتابخانەی ئەولای بنەرەتی	1217	هەولێر/ کۆیە
قوتابخانەی هێمن	4207	هەولێر/ بەهاری نوێ هەولێر/ ئازادی
قوتابخانەی ئامادەیی بارزانی نەمر	1206 (2جار)	هەولێر/ ئازادی
قوتابخانەی باخچەی ساوایانی گلاوێژ	3207	هەولێر/ ئازادی
قوتابخانەی ئامادەی چناری کچان	1207	هەولێر/ ئازادی
قوتابخانەی میدیای بنەرەتی	2211	هەولێر/ زانکۆ
قوتابخانەی موکریانی	1205 (2جار)	هەولێر/ کۆماری
قوتابخانەی ناوەندی گلاوێژی کچان	2204	
	1204	
	1203	

قوتابخانەی ئامادەیی روناکی کچان قوتابخانەی هەتاوی کچان		هەولێر/ روناکی هەولێر/ زانیاری

2- پارێزگای سلێمانی

ناوی بنکە	ژمارەی بنکە	شوێن
قوتابخانەی ناوەندی زۆزك ی تێکەلاو	1278	سلێمانی/ بازیان
قوتابخانەی بەردە قارەمان	1294	سلێمانی/ تەکیە
قوتابخانەی چەمچەمالی بنەرەتی	2279	سلێمانی/ چەمچەمال
کتێبخانەی گشتی چەمچەمال	1279	سلێمانی/ چەمچەمال
سەنتەری گەنجان/ شۆرش	1280	سلێمانی/ سەنگاو
قوتابخانەی رەز ی سەرەتایی	2282	سلێمانی/ سیروان
باخچەی ساوایانی خونچە	1282	سلێمانی/ هەلەبجەی شەهید
	3282	
	1265 (3جار)	

قوتابخانەی مەزرەبۆتۆ	1270	سلێمانی/ هەلەبجەی شەهید
قوتابخانەی زەرگەتەی سەرەتایی	3266	سلێمانی/ زەرگەتە
قوتابخانەی بۆتانی سەرەتایی	1269 (2جار)	سلێمانی/ سەرچنار
قوتابخانەی ناوەندی پیرە مەگرونی کچان	1261	سلێمانی
دواناوەندی دوارۆژی نمونەیی	1263	سلێمانی/ بەختیاری
قوتابخانەی مهاباد	2265	سلێمانی/ ئازادی
قوتابخانەی امین زەکی	1264	سلێمانی/ زانکۆ
قوتابخانەی رازاوە	2264	سلێمانی/ 60 متری
ناوەندی پیرەمێرد ی کوران	2262	سلێمانی/ زانیاری
معهد علوم حاسبات	2269	سلێمانی/ کارێزە وشك
قوتابخانەی دواناوەندی ئەزمر ی کوران	1262	سلێمانی/ سیروانی 2
قوتابخانەی ناوەندی توی مولیك	2261	سلێمانی/ توی مەلیك
قوتابخانەی ابراهیم پاشای سەرەتایی		سلێمانی/ ابراهیم پاشا
دواناوەندی عبدالواح سابیر		سلێمانی/ ابراهیم پاشا

3– پارێزگای دهۆك

ناوی بنکه	ژمارەی بنکه	شوێن
قوتابخانەی ئامادەیی میدیای کچان	1233 (2جار)	دهۆك
قوتابخانەی گولانی سەرەتایی	1242	دهۆك/ ئاکرێ
قوتابخانەی بلندی سەرەتایی	1231 (2جار)	دهۆك/ ئاکرێ
قوتابخانەی قوبادی سەرەتایی	1237 (2جار)	دهۆك/ ئامێدی
قوتابخانەی ئامادەی دهۆك ی کچان	1224 (2جار)	دهۆك/ ئامێدی
قوتابخانەی سینا دهۆك	2232	دهۆك/ ئامێدی
قوتابخانەی جگەر خوین	1231	دهۆك/ ئامێدی
قوتابخانەی گەلی ئاکرێ	1242	دهۆك/ ئاکرێ
بارەگای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان	1244	دهۆك/ ئاکرێ
قوتابخانەی کۆمارتەی بائیل	1236	دهۆك/ سیمێل
قوتابخانەی ژیان	1239	دهۆك/ زاخۆ
	2239	

قوتابخانەی دەلال	1238	دهۆك/ زاخۆ
قوتابخانەی بەهار	2238	دهۆك/ زاخۆ
قوتابخانەی رامان		دهۆك/ زاخۆ

پێشوازی لە میوانان و سەردانەکان

یەکەم: **پێشوازی لە بەڕێز د . محمود عوسمان**

ئیوارەی 4 / 1 / 2009 بەڕێز د . محمود عوسمان سیاسەتمەدارو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەندامی یەکیتی پەرلەمانتاران ، سەردانی بارەگای کرد و لەلایەن بەڕێزان سەرۆك وجێگری سەرۆك و ئەندامانی دەستەی بالاٚ و ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکیتی پەرلەمانتاران بە گەرمی پێشوازی لێکرا ، بەڕێزیان دامەزراندنی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستانی بە هەنگاوێکی گرنگ زانی و پشتگیری خۆی بۆ سەرکەوتنی ئەم رێکخراوە دەربری ، دواتر بەڕێزیان راشکاوانە تیشکی خستە سەر ئەو کێشە و ناکۆکیانەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دا هەیە بە تایبەتی لەسەر مادەی 140 و چەندین کێشەی هەڵپەسردراوی تر کە یەکلایی نەکراونەتەوە و پێویستی بە گفتوگۆ و دانوستاندن هەیە بە بەردەوامی تا دەگەنەرێککەوتن بەپێ دەستور و تەوافقی سیاسی ، بەڕێزیان دووپاتی ئەوەی کردەوە کە زاڵ بوون بەسەر گیروگرفتەکانی ناوەخۆ و دەرەوە پێویستی

بەیەك گوتاری سیاسی و یەك رووانین هەیە كە سەركردایەتی سیاسی كوردستان بە یەك پلانی وورد خۆی بۆ ئامادە بكات ، لە دوایشدا لەگەڵ ئەندامان چەندین بیرورا ئاڵوگۆر كران.

دووەم : **پێشوازی لە ڕێكخراوی فریاگوزاری نێو دەوڵەتی**

لە ڕۆژی 2009/1/25 یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ڕێکخراوی فریاگوزاری نێو دەوڵەتی (I.R.C) کرد کە ڕێکخراوێکی خێر خوازی ناحکومیە و لە بوارەکانی قوربانیانی جەنگ و توند و تیژی کار دەکەن . لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا باسی بارودۆخی ئاوەرەکان لە هەرێمی کوردستان و پێداویستیەکانیان کرا . هەروەها کێشە و گرفتەکان باسی لێوەکرا و ئامادەی خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاری کردن لەو بوارەدا .

سێیەم : سەردانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە 2009/1/26

وەفدێکی لێژنەی مافی مرۆڤ لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە ڕۆژی 2009/1/26 سەردانی بەڕێز عدنان محمد قادر وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی کرد ، مەبەست لەو سەردانە گفت وگۆ و پێدانی پێشنیار و بیرورا گۆرینەوە بوو لەسەر ئاستی خزمەت گوزاری وەزارەتی ناوبراو سەبارەت بە باری کۆمەلایەتی پشتگیری لە هەنگاوەکانی وەزارەت لەسەرەوە وە بۆئەوەی بتوانرێ زیاتر بەرنامەکان بەرەو پێش بچێت و سوودمەند تر بیت . بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی خۆشحالی خۆی بەو سەردانە خستە روو و ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەلەکەمان .

چوارەم : سەردانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەرێم

لەڕۆژی 2009/2/3 وەفدێکی مافی مرۆڤ لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەردانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەرێم ی کرد لە دانیشتنێکدا لەگەل بەرێوەبەری پەیوەندیەکانی وەزارەت باس لەکۆکردنەوەی زانیاری ی و لێکۆلینەوە کرا لەسەر کاروباری ئاوارەکانی دەست تیرۆر کە لە شوباتی 2006 بەرەو هەرێمی کوردستان هاتوون. هەروەها باس لەسەر چۆنیەتی و میکانیزمی گەڕانەوەیان کرا بەشێوەیەکی ئەوتۆ کەهەموو پێداویستیەکانیان بۆ مسۆگەر بکرێت ، زانیاری تەواو لەسەر رەوشی ئەو ئاوارانە روونکرایەوە .

پێنجەم : پێشوازی لە شاندی یەکیتی هاوردە و نیردراوەکانی کوردستان

شاندێکی یەکیتی هاوردە و نێردراوەکانی کوردستان بە سەرۆکایتی بەڕێز شێخ موستەفا سەرۆکی یەکیتی و لێپرسراو و ئەندامانی لقی هەولێریان سەردانی بارەگای K.P.U یان لە ڕۆژی 11 / 2 / 2009 کرد و لەلایەن سەرۆك و هەندێ لە ئەندامانی دەستەی باڵا پێشوازیان لێ کرا ، لە دانیشتنێکدا باس لەسەر کار و چالاکیەکانی ئەو یەکیتیە کرا کە پێمان وایە بە هەوڵ و توانایان بتوانن هەندێ لە کەموکوریەکانی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە ، لەو کۆبونەوەیەدا سود لە ئاڵوگۆڕکردنی بابەتەکانی پەیوەست بەوئەرکەوە وەرگیرا .

شەشەم : بەشداری کردن لە فیستیڤالی (8) ی مارس لە دیاربکر

لەسەر بانگێشتی پارتی (د.ت.پ) بۆ بەشداری کردن لە فیستیڤالێك کە بەبۆنەی یادی (8) ی مارس (ڕۆژی جیهانی ژن) لە شاری دیاربکر ڕێکخرابوو، وەفدێکی پەرلەمان کە پێك هاتبوو لەم بەڕێزانەی خوارەوە بەشداریان تێدا کرد.

1. شیرین عبدالراحمن دینو ئەندام پەرلەمان
2. شەمسە سعید محمود ئەندام پەرلەمان
3. صبریە غفار امین ئەندام پەرلەمان
4. گولناز عزیز قادر ئەندام پەرلەمان
5. نهلە محمد سعدالله نوێنەری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

شەوی 7/6 –3– 2009 بەرەو شاری اسطنبول بەڕێکەوتن لە وێوە بۆشاری دیاربکر، وەفدەکە لەلایەن لێپرسراوی (د.ت.پ) کاك علی پێشوازیان لێکرا، ئاگادار کرانەوە فیستڤالەکە لە 3/8 پێشخرا بۆ 3/7 بۆیە هەمان ڕۆژ ئەوان بە جلی کوردی بەرەو مەیدانی فیستڤالەکە بەڕێکەوتن، زیاتر لە 10 هەزار ژنی کورد لەوگۆرەپانە ئامادەبوون، ئاهەنگێکی گەورە سازدرا بەم بۆنەیەوە. بە ئامادەبوونیان لەو بۆنەیەدا دڵی هەموو لایەکی خۆش کردو بایەخێکی باشی پێدراو بووە مایەی جۆشدانی ئەوپەیوەندیە لەنێوان ژنانی کوردی باکور و باشور.

- پاشان وەفدەکە سەردانی مەڵبەندی پارتی (د.ت.پ) ی کرد و لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی پێشوازیان لێکرا، باس لەبارودۆخی ئێستای کوردستان بەگشتی کرا.
- هەمان ڕۆژ کاتی ئێوارە لەلایەن سەرۆکی شارەوانی دیاربکر کاك (عثمان بایدەمیر) پێشوازی گەرمیان لێ کرا، باس لە ڕەوشی سیاسی کوردو وەزعی ژنان کرا.
- هەمان ڕۆژ بەشەو بەڕێز (ایسر طولو) ئەندامی پەرلەمانی تورکیا نوێنەری دیاربکر بەیاوەری چەند ئەندامێکی چالاك لەبواری ژنان سەردانی وەفدەکەیان کرد لە شوێنی حەوانەوەیان، گفتوگۆ لەسەر بەشداری ژنی کورد لە پەرلەمانی تورکیا و دۆزی کورد کرا.
- ڕۆژی دووەم 3/8 وەفدەکە سەردانی ماڵی ژنانی دیاربکر ی کرد لەلایەن کۆمەڵە ژنی چالاك پێشوازیان لێکرا، بەشە جیا جیاکانی مالەکەیان بەسەر کردەوە، پاشان سەردانی چەند ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان کرا لە هەریەك لەوانە باس لە جۆرەها چالاکی ئەم ڕێکخراوانە کرا.
- پاشان وەفدەکە گەڕایەوە اسطنبول لەوێوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.

حەوتەم : پێشوازی لە نوێنەری کۆمیتەی هاوکاری پارت و هێزە سیاسیە کوردستانیەکانی نەرویج

لە 2009/4/14 بەڕێز صالح وەلی زادە ئەندامی کۆمیتەی هاوکاری پارت و هێزە سیاسیە کوردستانیەکانی نەرویج لەلایەن بەڕێز نیعمت عبدالله سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان و بەڕێز حەمە علی تۆفیق جێگری سەرۆك و بەڕێزان جلال سلیم خۆشناو و نەهلە محمد سعدالله ئەندامانی دەستەی بالاً پێشوازی لێکرا لە کۆبونەوەیەکدا باس لە بارو دۆخی ئەمرۆی کوردستان و هەل و مەرجی رەوتی سیاسی و پەیوەندی هەردوولا کرا دووپاتی ئەوش کرایەوە ڕۆلی رەوەندی کوردستان لە بەرژەوەندی گەلەکەمان دیار و بەرچاو بێ بە هەماهەنگی ی و پشتگیری هەمەلایانە.

هەشتەم : پێشوازی لە وەفدێکی بالاًی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (K . N . K)

لەڕۆژی 15 / 4 / 2009 دا ، وەفدێکی باڵای کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە سەرۆکایەتی ڕێزدار شێخ تاهر کمالی زادە و بەڕێزان ئادەم وزون و خلیل ابراهیم محمد ، سەردانی بارەگای یەکیتی پەرلەمانتاران (k.p.u) یان کرد و لە لایەن بەڕێزان سەرۆك و جێگر و چەند ئەندامێکی دەستەی باڵا وە پێشوازی گەرمیان لێ کرا ، لە دانیشتنێکی دۆستانەدا ، بارودۆخی دۆزی کورد لە کوردستان و ئەوروپا باسی لێوەکرا و دوپاتی هەوڵ و پشتگیری لە بواری چونەپێشەوەی درا ، هەروەها باس لە توندوتۆڵ کردنی پەیوەندیەکانی هەردوولا کرا .

نۆیەم : پێشوازیکردن لە وەفدێکی باڵای دەستەی هەڵبژارنەکانی هەرێمی کوردستان

لە ڕۆژی 20 / 4 / 2009 بەڕێز علی قادر عبێد سەرۆکی دەستە و بەڕێز ئەمجەد رسوڵ حکمت بەرپرسی پەیوەندی جەماوەری ، سەردانی بارەگای یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستانیان کرد و لە لایەن سەرۆك و جێگر و چەند ئەندامێکی دەستەی باڵا پێشوازی گەرمیان لێ کرا .

لە کۆبونەوەیەکدا باس لەسەر پێویستی بەگەر خستنی هەموو تواناکانە بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ئایندەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی بێ لایەنانە و دوور لە دەستێوەردان و کاریگەری نامەشروعی دەرەکی و ناوەخۆ .

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان ئامادەیی خۆی نیشاندا هاوکاری دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بکات و ڕۆڵی چاودێریش ببینێ لەسەر تا سەری کوردستاندا و هانی هاوولاتیان بدات بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا و بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری پێویست بۆ بەشداری بۆ دەنگدەران لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، سەرکەوتنی ئەم ئەزمونە یە مانای سەرکەوتنی دیموکراتی دێت لەم هەرێمەدا .

دەیەم : پرۆژەی مۆنۆمێنتی شەهیدانی کوردستان لە هەولیر

لە ڕۆژی 2009/5/10 شاندێکی باڵای یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەردانی پرۆژەی دروستکردنی مۆنۆمینتی شەهیدانی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد ، ئەم پرۆژەیە لەلایەن بەڕێز (خسرەو محمد سعید جاف) ئەندازیاری تەلارسازی و ئەندامی یەکیتیەکەمان دێتە جێبەجێ کردن ، پرۆژەکە بە مەبەستی نیشاندان و دەرخستنی تاوانەکانی دوژمنانە کە دەرهەق بە گەلی کوردستان کردویانە لەوانە کارەساتەکانی :

- کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و باقی شوێنەکانی تری کوردستان
- ئەنفالکراوەکانی گەرمیان و ناوچەکانی تری کوردستان
- ئەنفالکردنی (8000) هەزار بارزانی
- لە سێدارەدراوەکان
- لەناوبردنی (5000) هەزار فەیلی
- کۆرەوەکەی ساڵی 1991 ی گەلی کوردستان

ئەم پرۆژەیە لەسەر پانتایی 15 دۆنم زەوی دروست دەکرێ ، کاری هونەری تایبەتی تێدا بەکار دێت و بریتیە لەچەند بەشێك لەوانە : (هۆڵی تایبەتی بۆ شانۆ ، هۆڵی مۆزەخانە ، هۆڵی سینەمایی ، رارەوی تایبەتی بۆ هەڵواسینی تابلۆی کارەساتەکان ، تەرخانکردنی چەند شوێنێکی تایبەتی بۆ پەیکەری شەهیدانی ناسراوی گەلی کوردستان ، دروستکردنی پەیکەرێکی بەرز لە برۆنز بەناوی شەهیدی نەناسراوی پێشمەرگە ، دەریاچەیەك بە شێوەی نەخشەی کوردستان ، کتێبێکی گەورە لە مەرمەر دروست دەکرێ تا میوانان لە ژێر ئەودا یاداشتەکانیان بنوسنەوە ، شانۆیەکی کراوەی گەورە لە دەرەوە ، دانانی ئاگری نەورۆز بەسەر ترۆپی مۆنۆمینتەکەوە کە هەمیشە داگیرساوە) .

پرۆژەکە جێگای دەسخۆشی لیێ کردن بوو لە لایەن شاندەکەوە و بە کارێکی گرنگ زانرا بە نیشاندانی تاوانەکان کە دژ بە گەلەکەمان کراوە .



یازدەیەم : **کۆبونەوە لەگەڵ ئەندامانی .k.p.u بەشداربووی چاودێری هەڵبژاردنەکان**

لە لقی سلیمانی

بەمەبەستی بەشداریەکی کاریگەر لەسەرکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. لە بەرواری 2009/5/25 بەڕێزان نعمت عبدالله سەرۆکی یەکێتیەکەمان و حەمەعەلی تۆفیق جێگری سەرۆك لەگەل لقی سلێمانی یەکێتیەکەمان کۆبۆوە بە تایبەتی لەگەڵ ئەو ئەندامە بەڕێزانەی دەستنیشان کراون بۆ کاری چاودێری کردنی هەڵبژاردن، بەووردی و بەتێرو تەسەلی لەسەر گرنگی هەڵبژاردن و بەشداری هاوولاتیان و چۆنیەتی چاودێری کردن گفت و گۆ و بیرو ڕا ئاڵو گۆر کران دووپاتی ئەوەش کرایەوە ئەم هەڵبژاردنە لە

کاتێکی هەستیار و چارەنووسساز دایە بۆئەوەی رووی گەشی شارستانی ی نیشان بدرێ و پرۆسەی دێموکراسی بەرەو پێش بچێت.

دوانزەیەم : کۆبونەوە لەگەڵ رێکخراوی NDI نێودەولەتی

لەرۆژی 2009/7/21 شاندێکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەردانی بارەگای رێکخراوی (NDI) کرد لەشاری هەولێر و لەکۆبونەوەیەك دا لەگەڵ بەرێز (فرانیسکا نبدا) بەرێوەبەری پرۆگرامی (NDI) لە عێراق باس لەسەر چۆنیەتی کاری چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کرا هەروەها باسێك لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا کرا.

سیانزەیەم : سەردانی شاری کەرکوك

لەرۆژی 2009/8/19 شاندێکی بالای یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەردانی پارێزگای کەرکوکیان کرد بە مەبەستی کۆبونەوەیەك لەگەڵ ئەندامانی یەکیتی پەرلەمانتاران و دروست کردنی نوێنەرایەتیەك بۆ پەیوەندی و زیاتر بە ئەنجام گەیاندنی کاروچالاکیەکانیان ، هەروەها دەرفەتێکی باش بوو کە شاندەکە بە هاورێیەتی هەندێ لە ئەندامەکانی سەردانی بەرێز پارێزگاری کەرکوك و ئەنجومەنی پارێزگا بکەن ، پاش ئەو سەردانانە لە کۆبونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەندامانیدا ، بە پێویست زانرا کە نوێنەرایەتی یەکیتی پەرلەمانتاران بکرێتەوە و چەند ئەندامێکی بەرێزی ئامادە بوو ئامادەی خۆیان نیشاندا کە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن و بە بەردەوامی پەیوەندیان لەگەڵ دەستەی بالا هەبێت ، هەروەها بتوانن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لەو شارە کاری چاودێری هەڵبژارنەکان بکەن .

لە ئاکامی سەردانی شاندەکە بۆلای بەڕێزان پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا و گۆڕ گرتن لەو باسانەی کە بونەتە ڕێگر لە بەردەم ئاوەدانکردنەوە و دیاری کردنی ئایندەی پارێزگاکە و هەڵویستی نەگونجاو لەسەر چارەسەر کردنی ئەو کێشە و گرفتانەی بۆ ئەو پارێزگایە دروست کراوە و هەنگاوەکانی پرۆسەی جێبەجێ کردنی مادەی 140 ی دەستوری عیراق و مادەی 23 ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پاریزگاکانی عیراق و بەتایبەتی پارێزگای کەرکوك ودوا هەوڵی راگرتنی پرۆسەی سەرژمێری گشتی عیراق بە بەهانەی کۆتای نەهاتنی کێشەکانی ئەو پارێزگایە و بابەتی سەقامگیربوونی هێمنی و ئاسایش شارەکە لە کاری تیرۆرستی .

لە کۆبونەوەی شاندەکە لەگەڵ ئەندامانی خۆی لەو شارە بە نوێنەرەکانی کورد و تورکمان و عەرەبەوە ، بریار درا کە ئەو بەڕێزانەبێ لایەنانە راپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر گشت بابەتەکان و هۆکاری تەشەنە کردنیان و چارەسەر نەبوونیان و پێشنیار کردنی باش و بەسود بۆ گەیشتن بە ئاکامی گونجاو لەو بارەیەوە بەرز بکەنەوە بۆ دەستەی بالای یەکیتیەکەمان ، بۆ ئەوەی دراسەت بکرێ و بکرێتە پرۆژەیەك و بدرێتە لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت .

چواردەیەم : کۆبوونەوەیەك لەگەڵ وەفدی بالای (D.T.P) لە شاری هەولێر

لە ڕێککەوتی 18/ 2009/9 ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی بالای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە مەبەستی بەخێرهاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان سەردانی وەفدی پارتی کۆمەڵگەی مەدەنی (D.T.P) ی کرد لە ئوتێل شیراتۆن لە شاری هەولێر لە دانیشتنێکدا لە گەڵ سەرۆك و چەندین پەرلەمانتارو سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر، لە سەر بارودۆخی کوردستان بە گشتی و ڕەوشی باکووری کوردستان بە تایبەتی بیرو ڕا ئاڵ و گۆر کران هەردوو لا دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە پێویستە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و ئەو هەڵ و دەرفەتەی لە باکوور هاتۆتە پێش بە باشترین شێوە هەڵس و کەوتی لە گەڵدا بکرێ ببێت بە بەشێك لە ئەرك و پلانی بەهێز بۆ بەرەوپێش چوونی دۆزی گەلەکەمان هەنگاوەکانی ئەم دوواییە و کرانەوەی دەرگا داخراوەکان و گۆڕانکاری لە سیاسەتی حکومەتی تورکیا بەرەو ئەوە دەچێ ببێ بە دەستکەوتێکی مێژووی ـ بۆیە شایانی هەڵسەن گاندنێکی لێ وەشاوەیە لە لایەکی تر وەفدی میوان دامەزراندنی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانی بە بایەخەوە سەیرکرد ئامادەیی بۆ هەموو هاوکاری و پابەند بوونێکیان دەربڕی . بۆ ئەوەی یەکێتی پەرلەمانتاران ڕۆلی نەتەوەی و نیشتمانی خۆی بە ڕێگاکانی دیموکراسی و ئاشتی بگێڕێ هەردوو لا خۆشحال بوون کە لە ئایندەدا بۆ تاوتوێ و ئەگەرو پێشهاتەکان کەنالێگی پەیوەندی بە زووترین کات دروست بکەن

پانزەیەم : کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوی I.R.E.X

شاندێکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە ڕۆژی 2009/10/18 سەردانی بارەگای ڕێکخراوی I.R.E.X (دەستەی ئال و گۆری زانیاری ولێکۆلینەوەی نێو دەوڵەتی) کرد لە ئۆفیسی هەریمی کوردستانیان لە هەولێر.

لە کۆبونەوەیەکدا باس لەسەر هەماهەنگی و هاوکاری نێوان هەردوولا کرا بەتایبەتی ئەو کارانەی پەیوەستن بە پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی بواری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا.

شانزەیەم : پشت گیری لە پرۆسەی ناردنی پەیامی ئاشتی بۆ تورکیا

بەمەبەستی پشتگیری و پیرۆزبایی لەو پرۆسە ئاشتیخوازانەی کە سەرکردایەتی (k.c.k) لەرۆژی 2009/10/20 ئەنجامیاندا بەناردنی دوو گروپی ئاشتی بۆ ناو تورکیا و ناردنی پەیامی گەلی کوردستان بو دەولەت و جەماوەری تورکیا کە گەلی کورد هەمیشە ئاشتیخوازەو داوای رێگا چارەی کێشەکانی بە شێوازی ئاشتی دەکات.

رۆژی 2009/10/21 شاندێکی بالای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەردانی سەرکردایەتی (کۆما جڤاکا کوردستان) کرد و بە گەرمی پێشوازی لێکرا ، لە دانیشتنێکدا کە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند باس لە هەلو مەرجی کوردستان و ناوچەکە کرا ، بە تایبەتی بەرەو پێشچونی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و ئەو کرانەوەی حکومەتی تورکیا دەستی پێکردووە ، شاندی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان پشتگیری خۆی راگەیاند بە ناردنی هەردد گروپی ئاشتی بەو شێوازە مەدەنیانە ، هیوای خواست کە حکومەتی تورکیا بە هەنگاوێکی کردەیی پێشوازی لەم هەلۆیستە بکات .

حەفدەیەم: کۆبونەوە لەگەڵ ئەندامانی چاودێری سنوری پارێزگای دهۆك

بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو ئەندامە بەرێزانەی بۆ کاری چاودێری لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان کراون ، وەفدێکی یەکێتیە کەمان کە پێکهاتبوو لە بەرێزان نعمت عبدالله ، حەمەعلی تۆفیق و خلیل ابراهیم سەردانی لقی دهۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانی کرد ، لەسەر رێ و شوێنی پرۆسەی هەڵبژاردن و چاودێری کردن گفت و گۆ کرا لەگەڵ ئەو ئەندامانەی ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتبوو لە سنوۆەکانی دهۆك ، زاخۆ ، ئاکرێ ، ئامێدی ، دووپاتی ئەوەکرایەوە هەموو تواناکان لە پێناو سەرکەوتنی دا بخرێنە گەر و لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندنێکی شیاو ئامادە بکرێت .

هەژدەیەم : **سەردانی بەرێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

لە رۆژی 2009/11/8 دەستەی باڵای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەردانی بەرێزان د. کمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگرەکەی کرد ، بە مەبەستی دەست خۆشی و بەرز نرخاندن و پشتگیری کردنی هەوڵ و کۆششی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەتایبەت کێشەی کەرکوك کەراشکاوانە لەگەڵ نوێنەرانی هاوپەیمانان و UN ئەم پرسەیان باس کردووە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بە پێ ی دەستوری عێراق.

لەدوایشدا گفت و گۆ لەسەر بەهێز کردنی هەماهەنگی و پەیوەندی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کرا کە دەرئەنجامی ئەرێنی لێ کەوتەوە .

نۆزدەیەم : **پێشوازی لە شاندێکی باڵای پارتی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشووی تورکیا**

ئێوارەی 2009/12/23 لە چوار چێوەی سەردانەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان شاندێکی باڵای پارتی کۆمەڵگەی دێموکراتی پێشوو سەردانی بارەگای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانی کرد ، شاندەکە پێکهاتبوو لە سێ ئەندام پەرلەمان و دوو سەرۆك شارەوانی و چەند ئەندامێکی ئەو پارتە ، لەلایەن سەرۆك و جێگری سەرۆك و دەستەی باڵای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بەگەرمی پێشوازییان لێکرا ، لە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆلی و دۆستانەدا بە ڕوونی دووا هەل و مەرج و پێشهاتەکانی پرسی کورد لە باکوور تاوتوێکران ، هەردوولا لەسەر ئەوە کۆك بوون کە چارەسەری ئەم پرسە پێویستە لە چوار چێوەی پشت بەستن بە پرۆسەی ئاشتی و دێموکراسی ی و تێگیشتن لە رێگەی دیالۆگ و داننان بە ئیرادەی گەلەکەمان لە باکوورو دوورکەوتنەوە لە توند و تیژی و دەرکردنی بڕیاری ئەوتۆ کە زیان بەو هەولانە بگەیەنێ کە ئەمرۆ لە ئارادایە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەمەلایەنەی کێشەکان ، لە لایەکی تر یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان پشتگیری تەواوی بۆ داوا ڕەواکانی گەلەکەمان لە باکوور دەربڕی و هانی هەموو لایەنەکان دەدات بۆ سەرکەوتنی چارەسەری دێموکراتیانە ، ئەم دۆخە بەهەلێك دەزانێت و پێویستە بقۆزرێتەوە.

لە کۆتایی سەردانەکەیاندا شاندی مێوان خۆشحالی خۆیان دەربڕی بەدامەزراندنی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان کە لەدووارۆژدا بە پشتگیری پەرلەمانتارانی کورد دەبێتە دەزگایەکی شیاو بۆ خزمەتی کوردستان.

بیستەم : **پێشوازی لە بەرێزان شێخ جعفەر وەزیری پێشمەرگە**

و م . بەکر لێپرسراوی مەڵبەندی 3 ی . ن . ك

له 2009/12/30 بەڕێزان شێخ جعفر مستەفا وەزیری پێشمەرگەو م. بکر مستەفا لێپرسراوی مەڵبەندی سێ ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەردانی بارەگای یەکێتیەکەمانیان کرد و لەلایەن دەستەی باڵا و کۆمەلێك لە ئەندامان پێشوازیەکی گەرمیان لێ کرا... لە دوو تەوەری گفت و گۆدا باس لە هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمانی عێراق و رۆڵی نوێنەرانی کوردستان لە بەغدا و پێویستی هەماهەنگی و هاو هەڵوێستی بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکان تاوتوێکرا .

لەبەشێکی تردا بەڕێز وەزیری پێشمەرگە باسی لە هەنگاوەکانی یەکگرتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردو ڕوونی کردەوە ئەمە بایەخێکی زۆری پێ دەدرێ بۆ ئەوەی قورسایی کوردستان لە نێو دام و دەزگاکانی حوکومەتی عێراق دیار بخرێ و سەرکەوتنی ئەم یەکگرتنە ئارامی و ئاسایش و چەسپاندنی فیدرالی و پارێزگاری لە عێراق و دەسکەوتەکانی لێ دەکەوێتەوە .

چالاکی ڕۆشنبیری

یەکەم: کۆڤاری پەرلەمانتار ژمارە (2)ی زستانی ساڵی 2009

دووەم : کۆڤاری پەرلەمانتار ژمارە (3)ی بەهاری ساڵی 2009

سێ یەم : کۆڤاری پەرلەمانتار ژمارە (4)ی هاوینی ساڵی 2009



چوارەم : **کۆڤاری پەرلەمانتار ژمارە (5)ی پایزی ساڵی 2009**



پێنجەم : **کتێبی هەڵەبجە و پەرلەمان**



ئامادەکردنی حەمە عەلی تۆفیق

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (1)

شەشەم : **کتێبی پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانی لە پەرلەمانەکانی عیراق**

پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا

لەبڵاوکراوەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (3)

نووسەران: پارێزەر/ طارق **جامباز و نیعمەت عەبدوڵا**

حەوتەم : **کتێبی دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر**

دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر

وەرگێرانی لەزمانی ئینگلیزی / سەلام ناوخۆش

خوێندنەوە / مسعوود عبدالخالق

لە بلاوکراوەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (4)

هەشتەم : **کتێبی یاسا و پەیرەوی ناوخۆی یەکیتی پەرلەمانتاراتی کوردستان**

یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

نۆیەم : **کتێبی ئیدارەی گشتی (چەمك و ریفۆرم)**



نوسینی نیعمەت عەبدوڵا پیرداود

لە بڵاوکراوەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (5)

دەیەم : **چاوپێکەوتن لەگەل ڕاگەیاندراوەکان و دابەزاندنی ووتار**

لەماوەی 2009/1/1 **تا** 2009 /12/31

- **چەندین چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی لەسەر بابەتەکانی هەنوکەیی و چارەنوسسازەکان لەگەڵ ئەندامانی دەستەی باڵا کراوە و بە پێی پێویست ڕونکردنەوەی خۆیان ڕاگەیاندووە .**
- **چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کراوە لەسەر هەمان بابەتەکانی ئامازە پێکراو .**
- **ووتاری جۆراوجۆر لەسەر ڕوداو وبابەتەکانی پێویست لەلایەن بەرێزانی دەستەی باڵا ئامادە کراوە و لە ڕۆژنامە یا سایتەکانی ئەنتەرنێتی و لە سایتی یەکیتی پەرلەمانتاران بڵاوکراوەتەوە .**

کۆبونەوە و هەواڵەکان

یەکەم : **بریاری دەست لەکار کێشانەوە**

لەبەر ئەوەی بەرێز شمائیل ننو بنیامین ئەندامی دەستەی باڵای یەکیتیەکەمان ماوەی زیاتر لە هەشت مانگە بەشداری کۆبونەوەکانی دەستەی باڵا و کار و چالاکیەکانی نەکردوە ، دوای ئەوەی چەند جارێك بەهۆی پۆستی ئەلکترۆنی و پەیوەندی تەلەفونی ئاگادار کراوەتەوە بۆ ئامادە بوونی ، ئامادە نە بووە .

لە ڕۆژی چوارشەمە 2009/5/13دا و لە ناو کۆبونەوەی ئاسایی دەستەی باڵا جارێکی تر بە تەلەفون پەیوەندی پێوە کرا ، ناوبراو داوای کرد کە دەست لە کار کێشانەوەی پەسەند بکرێت بەهۆی سەرقاڵیان کە ناتوانی ئەو ئەرکەی بەجێ بگەیێنی وەك ئەندامی دەستەی باڵا ، بۆیە بە کۆی دەنگی ئامادەبووان داواکاریەکەی پەسەند کرا لە بەرواری سەرەوە .

دووەم : دەست پێکردنی خولی دووەمی سەرۆکایەتی K.P.U

پاڵپشت بە کۆنوسی ژمارە (1) ڕۆژی 1 / 6 / 2008 ، لە کۆبونەوەی ڕۆژی 31 / 5 / 2009 دا کە بە سەرپەرشتی بەڕێز جلال خوشناو بەڕێوە چوو ، خولی دووەمی سەرۆکایەتی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە 1 / 6 / 2009 دەست پێ دەکات ، ئەم بریارانەی لای خوارەوە درا :

1 – بەڕێز حەمەعەلی تۆفیق دەبێتە سەرۆك .

2 – بەڕێز نیعمەت عەبدولا جێگری سەرۆك .

3 – لەسەر داوای بەڕێز دڵشاد چاوشلی بەر پرسی دارای کە واز لە کارەکەی بهێنی ، بۆیە لەسەر ڕەزامەندی بەڕێز سەردار انور سڵیمان ئەندامی دەستەی باڵا بە کۆی دەنگی بەڕێزانی بەشدار بووی کۆبونەوەکە بوە لێپرسراوی دارایی .

سێیەم : کردنەوەی بەشی چاودێری هەڵبژاردنەکان

ئاماژە بە کۆبوونەوەی دەستەی بالا لە ڕۆژی 4/ 8 / 2009 بڕیاردرا بە

1. کردنەوەی بەشی چاودێری هەڵبژاردنکان.
2. دانانی بەڕێز (خلیل ابراهیم محمد) بە لێپرسراوی بەش.

چوارەم : بریاری پێکهێنانی لیژنەی کەرکوکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

دووای ئەوەی شاندێکی دەستەی باڵا لە ڕۆژی 2009/8/19 سەردانی پارێزگای کەرکوکی کرد ، لە کۆبوونەوەیەکدا لە گەڵ چەند ئەندامێك پێشنیاری ئەوە کرا کە لیژنەیەك پێك بهێنرێ بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروچالاکیەکانی ئەندامانی لە پارێزگای کەرکوك ، پاش وەرگرتنی ڕای زۆربەی ئەندامان.

بریاردرا کە ئەم بەڕێزانەی خوارەوە وەکو لیژنەیەك نوێنەرایەتی یەکێتی پەرلەمانتاران بکەن لە شاری کەرکوك .

1. عبداللطیف عبدالمجید گلی
2. وداد حمه غریب
3. گلاوێژ عبدالجبار

پێنجەم : چالاکیەکانی لقی سلێمانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

یەکەم: دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردنی 2009/7/25 لە رۆژانی 2009/7/27 ، 2009/8/4 لەکۆبوونەوەی لقی سلێمانی ئەو ڕاپۆرتانە تاو تۆیێ کران کە پەیوەندی بەکاری چاودێری هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان هەبوو دوای گفت و گۆو سەرنج و تێبینی کۆکرانەوە بۆ لایەنی پەیوندیدار رەوانە کران.

دووەم: لە 2009/9/2 چەند ئەندامێکی لقی سلێمانی بە مەبەستی ئاگادار بوون لە کارەکانیان سەردانی دیوانی چاودێری داراییان کرد لەگەڵ بەرێز سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە کۆبوونەوەیەك دا باسی کارو چالاکیەکانی دیوانی ناوبراویان کرد چەند رونکردنەوە لەم رووە وە لەسەر مەسەلەکان درا.

سێ یەم: لقی سلێمانی لە 2009/9/13 کۆبوونەوەیەکی سازدا سەبارەت بە ئامادەکاری بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەبریارە لە 2010/1/16 ئەنجام بدرێت لەم بارەیەوە فۆرم و باجەکان دابەش کران بەمەبەستی سەردانی بنکەکانی هەڵبژاردن.

چوارەم: لە 2009/9/30 چاودێرانی لقی سلێمانی کۆبونەوەیەکیان رێکخست بەمەبەستی کۆکردنەوەی فۆرمەکان و نوسینی ڕاپۆرت بۆ کۆمسیۆن و دەستەی بالای یەکێتیەکەمان.

شەشەم : کۆبونەوەی ئەندامانی نوسینگەی هەلەبجەی شەهید

لەڕۆژی 2009/10/2 نوسینگەی (k.p.u) لە هەڵەبجە پێشوازیان لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانی خولی سێ یەم لە سنوری هەلەبجەی شەهید کرد.

لەکۆبوونەوەیەك دا باس لەسەر چۆنیەتی دامەزراندن و کارو چالاکیەکانی یەکێتی پەرلەمانتاران کرا. لەگەل ئەرك و چالاکیەکانی ئەندامان لەکاری پەرلەمانتارییدا. دووپاتی ئەوە کرایەوە کە پێویستە ئەندامانی پەرلەمان وەکو ئەندامیەتی یەکێتی پەرلەمانتاران هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی پێکەوەگەشە بدرێت بەکارا کردنی کارو بارەکان و دەولەمەند کردنی پرۆژە یاساکان و چاودێری کردنی کارو باری ئیداری لە هەرێمی کوردستان لە باشترین ژیان و ئارامیدا بژی بەتایبەتی هەول بدرێ بۆ ئەوەی شاری هەلەبجەی شەهید و سنوری قەزاکەش بەگشتی زیاتر پەرەی پێبدرێ و ئاوەدان بکرێتەوە لە هەموو روێکەوە.

حەوتەم : کۆبوونەوە لەگەڵ فراکسیۆنەکانی خولی سێ یەمی پەرلەمانی کوردستان

لە 2009/10/14 شاندێکی فراکسیۆنی گۆڕان بەمەبەستی هەماهەنگی ی و کارکردن و بیروڕا گۆرینەوەو پتەکردنی پەیوەندی سەردانی بارەگای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانیان کرد لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆك و جێگری سەرۆك و ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی بالاٌ سەبارەت بەکاراکردنی رۆلی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانتاران گفت و گۆی تێرو تەسەل کرا شاندی میوان رۆلی یەکێتی پەرلەمانتارانی بەباشی هەڵسەنگاندو ئامادەیی خۆیان پشاندا بۆ پێکەوە کار کردن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردستان .

هەشتەم : کۆبونەوە لەکەڵ بەڕێزانی ئەندامانی خولی دووەم پاش کۆتای هاتن بە خولەکەیان

به مەبەستی پێداچوونەوە بە کاروچالاکیەکانی لیژنەکان و بەشداری کردنی ئەندامانی خولی دووەم لەو لیژنانە و وەرگرتنی راوبۆچونیان لەسەر گشت کارو چالاکیەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان و دیاری کردنی ئەو لیژنەیەی دەیەوێت کاری تێدا بکات ، لە چەند رۆژێکی مانگی 10 / 2009 دا چەند کۆبونەوەیەك لەگەڵ ئەو بەرێزانە ئەنجام درا ، خۆشبەختانە زۆربەیان ئامادەی خۆیان نیشاندا کە لە لیژنەکاندا چالاکی خۆیان جێبەجێ بکەن بەپێی ئەو پسپۆریەی هەیانە لەگەڵ بەرێزانی تری خولی یەکەم و ئەندامە بەرێزەکانی پەرلەمانی عیراق ، کارو چالاکیەکانی دەستەی باڵا و لیژنەکانیان لە رابۆردوو بە باشی نرخاند .

بۆیە لەسەر داوای ئەو بەرێزانە چەندینیان لە ناو لیژنەکاندا خۆیان رێکخست و بەردەوامیان هەیە و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین .

نۆیەم : بریاری پێکهێنانی ئەندامانی لقی دهۆك

له ڕۆی 2009/11/19 دا شاندێکی باڵای یەکێتی پەرلەمانتاران سەردانی پارێزگای دهۆك یان کرد و له بارەگای دهۆکی یەکێتی پەرلەمانتاران و لەکۆبوونەوەیەکدا که ژمارەیەکی زۆر له ئەندامانی سنووری ئەو پارێزگایە ئامادەبوون . پاشان گفتوگۆ کرا لەسەر کار و چالاکیەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی ئەم دواییەو کارەکانی ئایندەیان . بەمەبەستی دامەزراندنی لقەکەو وەرگرتنی ڕەزامەندی گشت بەرێزانی ئامادە بوو . ئەندامانی لقی دهۆك دەستنیشان کرا و ئەم بەرێزانەی لای خوارەوە بوونە لێپرسراو و ئەندامانی لق .

1. بەرێز احمد علی عمر — سەرۆکی لق
2. بەرێز سعید محمد صدیق — جێگری سەرۆك
3. بەرێز عزالدین سلیم — ئەندام
4. بەرێز احسان عبدالله قاسم — ئەندام
5. بەرێز ئەندریوس یوحنا گورگیس — ئەندام
6. بەرێز انهار محمد سعید — ئەندام
7. بەرێز حسێن جنبلی — ئەندام

دەیەم : بەشداری له فیستیڤاڵی ئورموون بۆ وێژەی ماچۆ

لەسەر بانگێشتی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان ، بەرێز سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتاران لە رۆژی 2009/12/2 بەشداری لە فیستیڤاڵی ئورموون بۆ وێژەی ماچۆ لە شاری سلیمانی کرد ، لەم فیستیڤاڵەدا گشت پێکهاتەکانی ماچۆگۆ وەك (هەورامی ، زەنگەنە ، باجەلآن ، کاکەیی ، زازاکی ، کەنولەیی ، هەورامیەکانی مازندەران ، شەبەك) بەشداریان تێدا کردبوو ، ئەم پێکهاتە گەورەیەی کۆمەڵی کوردەواری ، خاوەنی گەلێك تایبەتمەندین لە بوارەکانی (دیالیکت و پێشینەی مێژوویی کوردەواری و ئاینی و شیعر و ئەدەب و هونەری) بە مەبەستی ناساندنی ئەو کەلتورە دەوڵەمەندە ئەو فیستیڤاڵە سازدرا بوو ، چەندین بابەتی بەپێز لەو بوارانەدا خرانە روو ، لەلایەن بەشدار بووانەوە وتووێژیان لەسەر کرا . سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتاران بروسکەیەکی پیرۆزبای ئاراستەی فیستیڤاڵەکە کرد و داوای سەرکەوتنی بۆ خواستن .

یازدەیەم : **بەشداری لە گێرانی سمینار**

لە رۆژی 2009/12/15 بەڕێز نیعمەت عەبدولاّ جێگری سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان میوانداری کرا لەلایەن دەزگای ستاندەر بۆ گێرانی سمینارێك لە هۆڵی رۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولیر ، سمینارەکە تایبەت بوو بە دوا پێشهاتەکانی رەوشی باکوری کوردستان دووای قەدەغە کردنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (DTP) ، کۆمەڵێکی زۆر لە رۆشنبیران و پسپۆرانی کاروباری تورکیا ئامادە بوون .

سمینارەکە قەدەغە کردنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بە کارێکی نارەوا پێناسە کرد و بە زیان لێکەوتن ویاتر هیچی تری لێناکەوێتەوە ، گەلی کوردیش لە باکوور دەستیەرداری خەباتی ئاشتیانە و دیموکراتیانەی خۆی نابێ کە ئەوەش تەنها رێگای سەرکەوتنە .

دوازدەیەم : **بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی سەرپەرشتی بۆ کاروباری مافی مرۆڤ**

بریار

ئاماژە بە کۆنوسی کۆبوونەوەی لێژنەی مافی مرۆڤ لە 2009/12/30 . بە مەبەستی ڕێکخستن و سەرپەرشتی کاروبارەکانیان و بە پێ ی ئەو بڕیارەی بە کۆی دەنگی گشتی داویانە بە پێك هێنانی لێژنەیەك بۆ سەرپەرشتی کارو چالاکیەکانیان ، بڕیارماندا بە پێك هێنانی لێژنەی مافی مرۆڤ لەم بەرێزانەی لای خوارەوە . هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

1. بەرێز سید حسن بەزنجی سەرۆك
2. بەرێز جعفر شێخ مصطفی جێگر
3. بەرێز ڤیان احمد خضر بڕیار دەر

سیازدەیەم : **بریاری پێکهێنانی لیژنەی سەرپەرشتی بۆ کاروباری گشتی**

بریار

ئاماژە بە کۆنوسی کۆبونەوەی لێژنەی کاروباری گشتی لە رۆژی 2009/12/22 و بە مەبەستی پێکهێنانی لێژنەی سەرپەرشتی کارو چالاکیەکانیان و بەکۆی دەنگی هەموو ئەندامانیان ئەو بەرێزانەی لای خوارەوە دیاری کران ، بۆیە بڕیارماندا لەسەر پێشنیارەکەیان ، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین .

1. بەرێز نجاه یاسین نجار سەرۆك
2. بەرێز حیدر اسماعیل جێگر
3. د. هاله سهێل بڕیار دەر

هەندێ زانیاری پێویست

1 – ئەوەی خوارەوە ناونیشانی ماڵپەری یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستانە :

www. Kurdistanpu.org

2 – ئەوەی خوارەوە پۆستی ئەلکترۆنی k.p.u یە :

Kpu_kurdistan@yahoo.com

3 – ناونیشان: هەولێر / گەرەکی بەختیاری

بلاوکراوەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ژمارە / 1 : کتێبی هەڵەبجە و پەرلەمان

ژمارە / 2 : کتێبی کار و چالاکیەکانی یەکیتی پەرلەمانتاران تا 2008/12/31

ژمارە / 3 : کتێبی پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عیراق

ژمارە / 4 : دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر

ژمارە / 5 : کتێبی ئیدارەی گشتی و چەمکو ریفۆرم